# گیادەرمانی

## سود و زیانەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی



نوسین و ئامادەکردن:

**کرێکار قادر ڕوستایی**

2024

# گیادەرمانی

## سود و زیانەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی

| | |
|---|---|
| نووسین و ئامادەکردن: | کرێکار قادر ڕوستایی |
| پێداچوونەوە | مامۆستا جبار سرێشمەیی |
| نەخشەسازی بەرگ: | علی ڕەزانی |
| نەخشەسازی ناوەڕۆک | علی ڕەزانی |

# ناوەڕۆک

ناوەڕۆک ........................................................................ ٢
پێشەکی نووسەر........................................................................ ٤
دەرمانی گیایی چیە؟........................................................... ١٥
ئاگاداریەک لەبارەی بەکارهێنانی دەرمانی گیایی لە بواری چارەسەر بۆ نەخۆشییەکان ............................................................ ١٨
زەرەر و زیانەکانی بەکارهێنانی دەرمانی گیایی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان ............................................................ ٢٢
گژوگیای پزیشکی لە نێوان زانست و بازرگانیکردندا. ...................... ٢٥
گژوگیای پزیشکی لە نێوان و دەرمانی ساختە و قاچاخدا............... ٣٠
مەترسییەکانی چارەسەری هەڕەمەکی بە گژوگیای پزیشکی .......... ٣٥
دەرمانی گیایی لە نێوان گرەنتی و ڕێکلام و بە بازاڕ کردندا.. ٣٨
لەژێر ناوی حەکیم و شارەزا و دکتۆردا ژیان و تەندروستی خەڵکی مەخەنە مەترسییەوە!.......................................................... ٤١
چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی لە نێوان حەقیقەت و خورافیاتدا ...... ٤٤
بەکارهێنانی دەرمانی گیایی لە نێوان زانست و هەوا و ئارەزوودا. .... ٤٩
کۆکراوەکانی کیمیایی لە گیادا چین؟......................................... ٥٢
مردن بەدەرمانی گیایی چییە؟ ............................................. ٥٣
چۆن زەعفەرانی ڕەسەن (ئەسلی) لە زەعفەرانی ساختە جیا بکەینەوە؟ ........................................................................... ٥٤
تکایە لەخۆتەوە دەرمانی گیایی مەیکرە، مەیخۆ، مەیفرۆشە!.......... ٦١
بەنەشارەزایی بەکارهێنانی گژوگیای پزیشکی بۆ چارەسەری نەخۆشی، لە ماددە هۆشبەرەکان مەترسیدارترە بۆ تەندروستی مرۆڤ!............ ٦٣

چارەسەر بە دەرمانی گیایی و تێکەڵکردنی بەسیحرو جادوو و نوشتە! ٦٦
ئایا بەکارهێنانی دەرمانی گیایی تەندروست و سەلامەتە بۆ چارەسەری منداڵان؟ ........................................................... ٦٩
زیانەکانی گژوگیای پزیشکی بۆ تەندروستی، بەتایبەت گەدە و قۆڵۆن: ........................................................................... ٧٦
زەرەرو زیانەکانی خواردنەوەی قاوە بۆ دابەزاندنی کێش............... ٨٠
ئایا قاوە، چا، شەربەت یان هەر دەرمان و گژوگیایەکی سروشتی... تەندروستە بخورێت و بەکاربێت بۆ دابەزاندنی کێش؟.................. ٨١
زیانەکانی زۆر خواردنەوەی قاوە بۆ دابەزاندنی کێش:.................. ٨٣
تێکەڵکردنی بابەتی جوانکاری کیمیاویی لەگەڵ بابەت و بەرهەمی دەرمانی گیایی و سروشتی کارێکی نایاسایی و ناتەندروستە!........... ٨٦
بەکارهێنانی کەپسولی جیسینگ بۆ قەڵەوکردنی جەستە، مەترسیدارە و زیانی زۆری لەسەر تەندروستی بەکارهێنەر.................................... ٩١
بەناو دەرمانی گیایی و سروشتی، بەکارهێنانی بۆ مەبەستی زیادکردنی کێش و قەڵەوی، مەترسیدارن و زیانی زۆریان هەیە لەسەر تەندروستی ........................................................................... ٩٥
........................................................................... ٩٨
بەکارهێنانی لیمۆ بەسرایی و گەڵای غار بۆ دابەزاندنی کێش زیانی تەندروستی هەیە........................................................... ٩٨
بەشێک لەو دەرمانە کیمیاوییانەی بەناوی گیا دەرمانیەکانەوە دەفرۆشرێن، مەترسیدارن!............................................. ١٠٣
زیانەکانی گژوگیای پزیشکی(دەرمانی گیایی) لەسەر تەندروستی بەکارهێنەر: ........................................................... ١٠٩
فرۆشتنی(دەرمانی گیایی) لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە کارێکی مەترسیدارە ١١١
پێشنیارێک بۆ وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم: ............ ١١٣
سەرچاوەکان ........................................................... ١١٥

# پێشەکی نووسەر

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

خوێنەر و هاونیشتمانیانی بەڕێز" نوسین و ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە بەکورت و پوختی لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا زۆر پێویست بوو، وەک ئاگادارییەک بۆ هۆشیاری تاک و کۆمەڵگا زانیاریمان لەبارەی میکانیزمی کارکردن و بەکارهێنانی دەرمانی گیایی خستۆتەڕوو، چونکە خەڵکی لەئێستادا زیاتر ڕوو لەچارەسەری بەگژو گیایی پزیشکی (دەرمانی گیایی) دەکەن، بۆیە وەک شارەزا و نووسەرێک لەبواری چارەسەری پزیشکی تەواوکاری، وەکو ئەرکی سەرشانی خۆم بەپێویستی دەزانم ڕاستییەکان لەبارەی بەکارهێنانی (دەرمانی گیایی) بۆ ئێوەی بەڕێز باس بکەین بەکورت و پوختی، تا ئاگاداربن و بزانن ئامادەکردنی" گژو گیایی پزیشکی بۆ مەبەستی چارەسەریی نەخۆشی" دەبێ لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی دەرمانی گیایی و کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا لە گژو گیا ئامادەبکرێت و بدرێت بەنەخۆش، نەوەک کەسانێکی نەشارەزا کە بەشێوازێکی هەڕەمەکی گژو گیا ئامادە دەکەن و دەیدەن بەنەخۆش و چارەخوازەکە، دواتر

زیـانی گەورە دەبـێ لەسـەر تەندروسـتی لەسـەر نەخـۆش، بـۆیە زۆرجـاریش بـۆتە هـۆی مـردن و گیـان لەدەسـتدانی نەخـۆش و چارەخوازەکە .

ئەو نامیلکەی بەردەستان" کۆکراوەی ٢٤ بابەت بوو کەپێشتر لەتۆڕی کۆمەڵایەتی" فەیسبوکی خۆم لەبەشی یەکەم تا ٢٤ بەش بڵاوم کردوە و دواتـر هەر ٢٤ بـابەتەکەم لە وێـب سـایتی" خەنـدان لایـڤ بڵاوکراونەتەوە، بۆیە بەپێویستم زانی تەواوی بابەتەکانم کۆبکەمەوە و دواتـر تەواوی نوسـینەکە لەلایەن مامۆسـتا (جەبـار عەلـی سرێشمەیی) پسپۆڕی زمانی کوردی پێداچوونەوەی بۆ کراوە، کورت و پوخـت کـراوە، بـۆ ئەوەی خـوێنەر لێـی بێـزار نەبـێ لەکـاتی خوێندنەوەی دا .

کارکردن لەبواری دەرمـانی گیایی(ڕووەکی پزیشکی) کارێکی هەروا ئاسان نییە، پێویستی بەناسین و شـارەزایەکی زۆر هەیە بەتـایبەت" میکـانیزمی کـارکردنی ڕووەکـی پزیشـکی لەبـواری چارەسـەری نەخۆشییەکان، دەبێ ئەو کەسە ئاستی زانستی و زانیاری پزیشکی زۆر بـاش بێـت، شـارەزابێ لەبـواری ناسـینی ڕووەکـی پزیشـکی و چۆنیەتی ئامادەکردنی وەک" دەرمان بەڕێگەیەکی زانستی و پزیشکی دەبێ دەرمـان ئامـادە بکـات وە ئاگـاداری ئەوەبێ بەکارهێنـانی گژو گیـایی پزیشـکی، دەرمـانی گیـایی ڕەچـاوی جـۆری نەخۆشـی و

بارودۆخی نەخۆشەکە بکات، بەبێ دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشی کەسەکە نابێ هیچ گژو گیایەک دەرمانێکی گیایی بدرێت بەنەخۆش، چونکە بەدڵنیاییی زەرەرو زیانێکی زۆر گەورەی دەبێ لەسەر تەندروستی نەخۆش و چارەخوازەکە، زۆر جاری وابووە تەندروستی نەخۆش، چارەخوازەکە تێکچووە و ژیان و تەندروستی کەوتۆتە مەترسیەوە، بەشێکی زۆر لەچارەسەرکارانی بواری دەرمانی گیایی" هیچ شارەزاییەکی باشیان نییە لەبارەی چارەسەری بە گژوگیایی پزیشکی، وە شارەزانین لەنەخۆشییەکان و هیچ زانیارییەکی پزیشکی باشیان نییە، لەبارەی چارەسەری جۆری نەخۆشی بەگژوگیا، دەرمانی گیایی.

ئامانج لەنوسینی ئەم نامیلکەیە بەکورت و پوختی دەخمە ڕوو:

١. هیچ کات لای عەتار و بەهارات فرۆشەکان، داوای هیچ گژو گیا و دەرمانێکی سروشتی مەکەن بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشیەکانتان" چونکە شارەزانین و لێی نازانن هیچ بنەمایەکی زانستی نییە کەسێک شارەزا و پسپۆڕ نەبێ تۆ داوای دەرمانی لێ بکەیت بۆ چارەسەری نەخۆشی، بگرە زۆریش مەترسیدارە، لەجیاتی دەرمان و چارەسەر، ژەهر مەکرە و مەیخۆ. هیچ گژوگیایەک و دەرمانێکی بەناو سروشتی لەڕێگەی پەیج و ڕیکلام

و پڕوپاگەنـدەی سۆشـیاڵمیدیا و تەلەفزیـۆن مەکـڕن و مەخـۆن لەخۆتـانەوە جـا بـۆ هەر نەخۆشـیەک بـوو یـان ئەگەر بـابەتی جوانکاریش بوو مەکڕن، چونکە بابەتی جوانکاری زۆر هەستیارە بەتایبەت بۆ پێستی دەم و چاو یان جەستە یان بەهێزکردنی قژ و لابردنی لەکە و پەڵە لەسەر پێست، بۆیە هەندێجار ئەبێ پزیشکی پسپۆڕی پێست بۆت بنوسێ و بداتێ یان لای کەسانی شارەزا و پسپۆڕ داوای بکەن ئینجا بەکاری بێنن .

٢. وریـابن لەو کەسـانەی لەژێـر نـاوی" دکتـۆر و حەکـیم و چارەسەرکاری سروشتی کاردەکەن، زۆربەیان شارەزانین و هـیچ خـول و ڕاهێنانێکیـان نەبینیـوە و هـیچ زانسـت و زانیارییەکی پزیشکیان نییە، تەنها بۆ پارە پەیداکردن ئەو کارە دەکەن، بەنموونە" هاتووە شوێنێکی کردۆتەوە" بەناوی کلینکی دکتۆر فلان، سەنتەری دکتۆر فلان یان نۆرینگەی حەکیم فلان یان شوێنی حەکیمی چارەسەرکاری سروشتی یان شارەزا لەبواری چارەسەری پزیشکی تەواوکاری یان بەهەر ناوێک بوو، ئەگەر شارەزا و پسپۆڕ نەبوو زانست و زانیاری نەبوو تکایە خۆتان بپارێزن لێیان و هیچ گژو

گیـــایەکی پزیشـــکی و  دەرمـــانێکی گیـــایی و سروشـــتی و پێداویستییەکی پزیشکیان لێ داوا مەکەن و مەکڕن.

٣. خۆتـــان بەدوور بگـــرن لەو کەســـانەی بەنـــاوی دیـــن، لەژێـــر پەردەی ئـــاینەوە بانگەشـــەی چارەســـەری نەخۆشـــی دەکەن بەناوی ڕوقیەیی شـەرعی و دەرمـانی گیایی و سروشتی بەو نـــاوەوە خەڵـــک هەڵـــدەخەڵەتێنن کەچـــی لەپـــاڵی دا بـــۆ پەردەپۆشـکردنی فێڵ و تەڵەکانیـان لەژێرەوە کـاری سیحرو جـادوو و نوشـتە دەکەن، خەڵکی وا هەیە تـا ئێستاش دەچنە لایـــان بـــۆ مەبەســـتی چارەســـەری نەخۆشـــیەکەیان بەمەش نەخۆشـــەکە بەم جـــۆرە دەخەنە ژێـــر دەســـتی خۆیـــان و موسـەخەری ئەوان دەبێت، بۆیە وریـابن و ئاگـاداری خۆتـان بـن بەهـیچ نـاوێکی پاشـگری دینـی تـێمەکەون هەڵمەخەڵەتێن وەک" حـاجی فـلان، مەلا فـلان، شـێخ فـلان، سـۆفی فـلان، دەروێـش فـلان، سـەید فـلان، مامۆسـتا فـلان" لەگەڵ ڕێـرو حورمەتم بۆ پیاوانی چاک و پاک و دیندار و لەخـواترس و خاوەن ویژدان و ئەوانەی بەڕێگەیەکی زانستی و پزیشـکی و تەندروستی کاردەکەن .

٤. كەسانێكی تر خوێندەوارنین و ئاستی زانستی و زانیاری پزیشكیان لەو بوارە زۆر كەمە، تەنها ئامانج و مەبەستیان پارە پەیداكردن بۆ بژێوی ژیانیان دەستیان داوەتە ئەم كارە بەشێوازێكی هەڕەمەكی(عەشائیری) چارەسەری خەڵك و نەخۆش دەكەن، لەكاتێكدا هیچ شارەزانین لەبواری گژو گیایی پزیشكی! ئەمە زۆر مەترسیدارە لەجیاتی چارەسەری نەخۆش دەبنە هۆی زیانگەیاندن بەتەندروستی نەخۆش و ژیانی نەخۆش و چارەخوازەكە دەخەنە مەترسییەوە .

٥. خەڵكانێكی تریش پیشنیەیان هەیە لە بواری چارەسەری نەخۆش بە گژو گیایی پزیشكی وە لەپاڵی دا بەناو بانگ بوون، بەرهەم پێداویستیەكانی خۆیان لەڕێگەی سۆشیاڵمیدیا ساخ دەكەنەوە بەخەڵكی بە پارەیەكی زۆر دەیفرۆشن، لەكاتێكدا بەم ناوەوە لەپاڵی دا كاری ساختە و قەدەغەكراو دەكەن، بەنموونە" دەرمانی قاچاخ ساختە تێكەڵ بە بەرهەم و پێداویستییەكانی خۆیان دەكەن، بە ڕاست و چەپ كەوتوونەتە بازرگانیكردن و پارە كۆكردنەوە نەك ویژدان و چارەسەركردنی نەخۆش بەشێوازێكی زانستی و پزیشكی و تەندروستی .

٦. زۆرێک لەڕووەک و گژو گیاکان ژەهراوین و مەترسیدارن و مرۆڤ دەکوژن، ئەگەر ئەو کەسەی لەبواری دەرمانی گیایی کار دەکات، خول و ڕاهێنانی نەکردبێ و شارەزا نەبێ چۆن دەگونجێ نەخۆش سەردانی بکات و داوای دەرمانی گیایی لێ بکات؟! بەڵکو دەبێ نەخۆش، چارەخواز بەر لەوەی بڕوات بۆ لای هەر چارەسەرکارێکی بواری دەرمانی گیایی، دەبێ لەپێشدا پرسیار ئەو کەسە بکات بزانێ شارەزا و بەڕێگەکی زانستی و پزیشکی و تەندروستی کاردەکات یان بەهەڕەمەکی و بەبێ شارەزایی لەخۆیەوە دەستی بەم کارە کردووە و باش لێی نازانێ هیچ زانست و زانیاریەکی پزیشکی نییە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی ڕووەکی پزیشکی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، خۆتان بەدوور بگرن لەو کەسانەی بەهەڕەمەکی و دوور لەبنەمای زانستی پزیشکی کاردەکەن .

٧. تێکەڵ کردنی بابەتی بەهارات و پێداویستی جوانکاری و دەرمانی گیایی ئەمەش کارێکی زۆر نایاسایی و مەترسیدارە، بەنموونە دووکان هەیە" پێداویستی جوانکاری دەفرۆشێت وە لەگەڵی دا گژوگیای پزیشکی و دەرمانی گیایی تێکەڵ

بەکارەکەی کردووە دەرمان دەدات بەنەخۆش بەبێ ئەوەی شارەزابێ و بزانێ ئەم دەرمانە چۆن کار دەکات؟ بۆ کێ دەبێ؟ کێ نابێ بیخوات؟ کاریگەری لاوەکی چیە لەسەر جەستە؟ لەوە خراپتر زۆربەی شوێنی بەهارات فرۆشەکانیش هەر لەقاپی سەفەریەوە بگرە تا پێداویستی جوانکاری و گژو گیایی پزیشکی و دەرمانی بەناو سروشتی دەدەن بەخەڵک و بە نەخۆش لەکاتێکدا بەهارات فرۆش بۆی نییە هیچ گژو گیا و دەرمانێکی گیایی سروشتی بدات بەخەڵک و بە نەخۆش زۆربەیان شارەزانین، چونکە هەر گژو گیایەک میکانیزمی کارکردنی خۆی هەیە لەسەر جەستەی نەخۆش و جۆری نەخۆشیەکە، ئەی چۆن دەکرێ و دەگونجێ بەهارات فرۆش دەرمان بدات بەنەخۆش لەکاتێکدا شارەزانیە لەهیچ گژو گیایەک و هیچ خول و ڕاهێنانێکی زانستی نەکردبێ؟ کارەسات ئەوەیە" شوێنی بەهارات فرۆش و شوێنی پێداویستی جوانکاری پیاوان و خانمان دەرمانی گیایی تێکەڵ بەکارەکەیان بکەن! بەداخەوە هەمووی بووە بە پارە پەیداکردن و بازرگانی کردن و دەوڵەمەند بوون بەو ناوە لەسەر گیرفانی خەڵک.

٨. کەسانێکی تر هەن" کەسێک لەناو خێزانەکەیان کاتی خۆی لەکۆندا خەڵکی چارەسەر کردووە بە گژو گیا، دەرمانی کوردەواری، جا ئەو کەسە پیر بوو و توانای کارکردن و چارەسەری خەڵک و نەخۆشی نەماوە یان وەفاتی کردووە، جا ئەو کەسە" کوڕەکەی یا کچەکەی یا براکەی یا خوشکەکەی لەدوای ئەو هاتوون چارەسەری خەڵک، نەخۆش دەکەن، ڕەخنەی من ئەوەیە" ئەو کەسەی لەکۆندا چارەسەری خەڵکی کردووە بۆ ئەو کات دروست و گونجاو بوو بێ ئەوەی خول و ڕاهێنان بکەیت خوای گەورە بەهرەیەکی بەو کەسە داوە تا چارەسەری خەڵک بکات، بەڵام تۆ بێیت و بڵێیت منیش وەک ئەو کاردەکەم و خەڵک چارەسەر دەکەم هەڵەیە؛ چونکە لەسەردەمی ئەمڕۆدا دونیا پێشکەوتووە بەتایبەتی لەبواری زانستی و پزیشکی دا لەهەر بوارێک بتەوێ کار بکەیت دەبێ خول و ڕاهێنان بکەیت و شارەزابی لەدەست نیشانکردنی جۆری نەخۆشی و کام گژو گیا و دەرمانی سروشتی پەسەندە و گونجاوە بدرێت بەنەخۆش، بۆیە ئەو کەسانەی کاتی خۆی چارەسەری خەڵکیان کردووە لەکۆندا، جا ئەو کەسە وەفاتی کردووە یان پیر بووە و توانای چارەسەری نەخۆشی نەماوە لەبری ئەو کوڕەکەی یا کچەکەی یا براکەی یا خوشکەکەی هاتووە لەجێگای ئەو نەخۆش چارەسەر دەکات کارێکی هەڵەیە، چونکە وەک باسم کرد، سەردەمی ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی

زانستی پزیشکیەوە ڕێگەدراو گونجاو و تەندروست تۆ چارەسەری نەخۆش بکەیت لەبەر ئەوەی لەکەسێکی نزیکی خۆتەوە فێری بوویت و شارەزایەکی کەمت هەیە لە چارەسەرکردنی نەخۆش بەگژو گیایی پزیشکی، بەڵکو پێویستە ئەو کەسانەی لەکەسێکی نزیکی فێری دەرمان ئامادەکردن بوویت زیاتر پێویستی بەخول و ڕاهێنانە، ئینجا لەگەڵی دا (تەجروبە) ئەزموون و تاقیکردنەوەش پێوەرە بۆ ئەوە ئەو کەسەی بزانێ لەکۆندا زانست وەک ئێستا پێشکەوتوو نەبووە ئەو کات لەگەڵ سەردەمی ئێستا جیاوازیەکی زۆری هەیە، بۆیە خەڵکی دەبێ وریا و هۆشیاربن بەر لەوەی بڕۆیت چارەسەری بەگژو گیای پزیشکی، دەرمانی گیایی وەربگریت پرسیار بکە؟ بزانە ئەو کەسە ئاستی زانستی و شارەزایی و لێهاتووە لەبواری چارەسەرکردنی نەخۆش بە گژو گیایی پزیشکی و دەرمانی گیایی. ئینجا بڕۆ چارەسەری لەلا وەربگرە و بیخۆ بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەت .

٩. هەندێ لە پزیشک و پسپۆڕانی بواری گیادەرمانی لەگەڵ کۆمپانیایەک، یان کارگەیەکی بەرهەم هێنانی بەرهەمە سروشتییەکان ڕێکەوتوون، بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەو کۆمپانیایە یان ئەو کارگەیە دکتۆرەکە بیدات بەنەخۆشەکانی و ڕیکلام بۆ کالاّ و بەرهەمەکانیان دەکات بەم جۆرە، هەم

پزیشکی دەرمانی گیایی و خاوەن کۆمپانیا و کارگەکە، هەردوولا قازانج دەکەن لەسەر گیرفانی خەڵک و نەخۆش .

١٠. بۆ حکومەت و لایەنی پەیوەندار و لیژنەکانی تەندروستی، تکایە ئاگاداری ئەو کەسانەبن کەشارەزا و پسپۆڕنین لەبواری دەرمانی گیایی دا، بە ڕاست و چەپ کەوتوونەتە بازرگانیکردن بەناوی چارەسەری سروشتی بەدەرمانی گیایی، لەڕێگەی سۆشیال میدیا و بڵاوکراوەکانیان ڕیکلام و پڕو پاگەندە بۆ زۆرێک لەدەرمانی قاچاخ و ساختە و قەدەغەکراو دەکەن و دەیفرۆشنەوە بەخەڵکی ئەمەش وادەکات تەندروستی نەخۆش و خەڵکی زیاتر بکەوێتە مەترسیەوە، لەڕابردووش ڕووداوی لەو جۆرە هەبوون کەسانێک بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی قاچاخ و ساختەوە مردوون و ژیان و تەندروستیان کەوتە مەترسییەوە، بۆیە کاتی هاتووە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار سەرجەم پەیج و تۆڕە کۆمەڵایەتییە ساختە و نەناسراوەکان و بێ ناونیشانەکان ڕابگرن کە ڕیکلام و پڕوپاگەندە بۆ دەرمانی بەناو گیایی و سروشتی و قاچاخ و ساختە دەکەن.

**کرێکار قادر ڕوستایی**
**ئیدارەی سەربەخۆی سۆران**
**٢٣ _ ٣ _ ٢٠٢٤**
**ڕۆژی شەممە**

# دەرمانی گیایی چییە؟

دەرمـــانە گیاییەکـــان ئەو بەرهەمە ڕووەکـــیە سروشـــتیانەن کە بە مەبەســتی دروســتکردنی کــاریگەری ئەرێنــی لەســەر نەخۆشــی و حاڵەتێکی تەندروستی دیاریکراو دەدرێن، نەوەک خواردنێکی ئاسایی، بەکارهێنـانی دەرمـانی گیـایی بەشـێکە لە لقی پزیشـکیی جێگـرەوە، لە ئێستادا لەبەشێک لە زانکۆ و پەیمانگا جیهانیەکاندا گرنگی پێدەدەن و لە زۆربەی وڵاتـانیش لە چوارچێـوەی پزیشـکی میللیـدا بەشـێوەی جیـاواز پەیـدا دەکـرێ و کـاری لەسـەر دەکەن، وە بەشـێکی زۆر لە دەرمـــانە پزیشـــکییەکانیش لە ســـەرچاوە سروشـــتی گیـــایی و ڕووەکییەکـان هـاتوون،بەڵام دەرمـانی پزیشـکی تەنیـا ئەو پێکهاتـانەی ڕووەکەکە لەخـــۆدەگرن کە بـــۆ نەخۆشـــییەکە ســـوودی هەیە و بە پێوانەیەکی ورد دروست دەکرێن و چەندین قۆناغی توێژینەوە دەبڕن تاکو بۆ بەکارهێنان پەسەند دەکرێن، کەچی لە دەرمانی گیایدا هەموو ڕووەکەکە دەدرێتە کەسـەکە بێ گوێدانە ئەوەی کامەبەشی بۆ کامە حاڵەت و بە چ بڕێکی ورد و سودبەخشـە و بەڵگەکانی سوودەکانیان زۆرتر پشت بە ئەزموون دەبەخشێ نەوەک توێژینەوە و ڕەخنە.

دامەزراوە زانستییە بەنێوبانگەکانی وەک دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی ئامادە نین وەک دەرمان دان بە دەرمانە گیاییەکان بنێن، بەڵکو وەکوو جێگرەوەی خۆراکی ناوی دەبەن و ئەو بەدواداچوون و پشکنینانەیان بۆ ناکەن کە دەرمانە پزیشکییەکان پێویستیانە، بۆیە ئەو نوسین و زانیاریانەی لەسەر قوتوی دەرمانە گیایەکان هەن لەلایەن دامەزراوە پزیشکییە باوەڕپێکراوەکانەوە پەسەند نەکراون و ئەو قۆناغانەی توێژینەوەیان نەبڕیوە کە دەرمانێکی باوەڕپێکراوی پزیشک پێویستی پێیەتی، زانستی پزیشکی مۆدێرن بەرهەمە گیایەکان وەک چارەسەری تایبەتمەندی پزیشکی ناناسێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەو کەسانەی دەرمانی گیایی بەکاردەهێنن ئاماژە بە کاریگەرییە ئەرێنیەکانی دەکەن، بۆیە لە هەندێک حاڵەتدا بەکارهێنان یان نەهێنانی ئەو دەرمانانە وەک بابەتێکی مشتومڕاوی ماوەتەوە.

لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا ڕێگە نادرێت لەسەر قوتوی دەرمانە گیاییەکان بنوسرێ کە ئەوانە دەرمانن، یان بۆ چارەسەری حاڵەتێکی دیاریکراو بەکردێن.. بۆ نمونە ئەو دەرمانە گیاییەی دەگوترێ لە خەمۆکیدا بەسوودە، لێی کە جێگرەوەیەکی خۆراکییە و سوودی بۆ میزاج هەیە، نەوەک بنوسرێ دژە خەمۆکیە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەوانەی درمانی گیایی بە خەڵک دەدەن، دەبێ پسپۆریان لەو بوارە

هەبێ و لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی سەلمێندراو مامەڵە بەو دەرمانانە بکەن.
ئەو چەمکەش هەڵەیە کە پێیوایە لەبەر ئەوەی دەرمانە گیاییەکان تەواو سروشتین ئیدی تەواو بێ زیانن و بۆ هەمووان دەستدەدەن بەکاریان بهێنن، ئەو کەسانەی حاڵەت و نەخۆشییەکی دیاریکراویان هەیە نابێ بێ ئاگاداری پزیشکەکانیان بەکاریان بهێنن. لە باشوری کوردستان، نێوەندەکانی فرۆشتنی دەرمانە گیاییەکان بۆ کارکردنیان مۆڵەت لە وەزارەتی تەندروستی وەرناگرن، بەڵکو وەک هەر فرۆشگایەکی ئاسایی مۆڵەت لە یەکە کارگێڕیەکانی شار و شارۆچکەکان وەردەگرن.



## ئاگاداریەک لەبارەی بەکارهێنانی دەرمانی گیایی لە بواری چارەسەر بۆ نەخۆشییەکان

ئەوەی دەیبینین کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و بڵاوکراوە و وێب سایت...هتد ڕێکلام و کڕین فرۆشتن بۆ کاڵاو بەرهەمی دەرمانی گیایی دەکرێت، بابەتێکی زۆر هەستیارە و دەبێ لایەنی پەیوەندار ئاگاداری بن.

خەڵکانێک کڕین و فرۆشتن دەکەن، بەناوی چارەسەری سروشتی بەدەرمانی گیایی، پسپۆرنین و ناشارەزان لە بواری چارەسەر بە دەرمانی گیایی، تەنها بۆ پارە پەیدا کردن و بازرگانی کردن بەخەڵکی هەموو کارێکی نایاسایی و ناتەندروست ئەنجام دەدەن.

ئەوەندەی من بەدواداچوونم کردووە و لەنزیکەوە ئاگاداری بووم، بەشێک لەو خەڵکانەی دوکانی عەتاریان هەیە یان شوێنێکیان کردۆتەوە بەناو گیادەرمانی، هەندێ گژوگیا تێکەڵ دەکەن و دەیکەنە ناو قوتوو یان کەپسول یان بەشێوازێکی تەڕ تێکەڵەیەک ئامادە دەکەن، بەناوی چارەسەری سروشتی بۆ دابەزاندنی کێش، قەڵەوکردنی جەستە و دەم وچاو، گەورەکردن و بچوکردنەوەی سمت

و ڕان و سنگ، شەکرە، لاوازی جنسی، نەزۆکی لە پیاوان و ئافرەتاندا هتد...

دواتر لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە، پڕوپاگەندە و ڕیکلامی بۆ دەکەن، بەنـــاوی چارەســـەری سروشـــتییەوە بە پـــارەیەکی زۆر بە خەڵکـــی دەیفرۆشن.

کارەسـاتەکە لێرەوە دەسـتپێدەکات، هەنـدێ لە عەتارەکـان و غەیـری عەتارەکـانیش لەژێـر نـاوی چارەسـەرکاری سروشـتی و شـارەزا لە بواری دەرمانی گیانی، هاتوون تێکەڵەی گژوگیای پزیشکی خۆیـان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئامادە دەکەن!

دوور لە بنەمـــای زانســـتی، کە لە ڕووی ڕێـــژەی گژوگیاکـــانەوە لە تێکەڵەکەدا ئەگەر لێی نەزانێت و شـارەزای گرتنەوە و ئامادەکردنیـان نەبێت، کارەسات دروست دەبێت. بەهـۆی نەزانینی ئەو مـاددە چـالاک و ناکاریگەرانەی کە لە گیاکاندا هەیە، ئەم تێکەڵە مەترسیدار و ژەهرە، دەبێـتە هـۆی تێکچـوونی تەندروسـتی ئەو کەسـەی بەکـاری دێنێـت و دەیخـوات، چـونکە کـاریگەری زۆر خراپـی دەبێـت بـۆ گورچیلەکـانی، جـــگەری، ســـپڵی، پەنکریاســـی، کۆڵـــۆنی، گەدەی، ڕەنـــگە ئەنـــدامێکی لەدەست بدات، یا ژەهـراوی ببێـت بیکوژێـت یا تووشـی شـێرپەنجەی بکات!

بۆیە ئەوانەی پسپۆر و ناشارەزان لە بواری چارەسەری بە گژوگیای پزیشکی، یان ئەو کەسانەی بۆ پارە پەیداکردن دەستیان کردوە بەو کارە لەدواوەی شاشەی لاپتۆپ و مۆبایل تێکەڵە و گیراوەی گژوگیای ناتەندروست دەفرۆشن بەخەڵکی، تەندروستی خەڵکی دەخەنە مەترسی و زۆر جاریش کەسانێک بەهۆی بەکارهێنانی ئەو جۆرە دەرمانە گیاییانەوە مردوون.

میکانیزمی کارکردن بە گژوگیایی پزیشکی، پێویستە ئەو کەسە، بەتەواوەتی لەبوارە خوێندبێتی و خول و ڕاهێنانی کردبێت و پسپۆر و شارەزایی تەواوی هەبێت، لە بواری چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی، چونکە هەندێ کەس لە ڕێگەی چەند خولێک لەو بوارەدا یان لای کەسێک کاری کردووە دواتر هاتووە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی لە ڕێگەی پەرتووک و ئینتەرنێت و سەیرکردنی ڤیدیۆ هەندێ زانیاری وەرگرتووە، دوکان و شوێنێکی داناوە لەژێر ناونیشانی چارەسەری نەخۆشی بە گژوگیای پزیشکی. بۆیە پێویستە لەژێر دەرمانە گیاییە هاوردەکان تۆمار بکرێن و مۆڵەتیان پێ بدرێت، لەلایەن حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لیژنەی تەندروستی.

**تێبینی** // هیچ بەرهەم و دەرمانێکی گیایی مەکڕن، کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە دەفرۆشرێت یان ئەو کەسەی کەنایناسیت، نازانیت کێیە، تا دوای ئەوەی پشتڕاستی دەکەنەوە ئایا پسپۆر و شارەزایە لە بواری دەرمانی گیایی، یان دەبێت دەرمانی گیایی بەفلتەری کوالیتی کۆنترۆڵەوە داخل کرابێت و ستیکەری وەزارەتی تەندروستی لەسەربێ بۆ دڵنیابوون لەوەی دەرمانەکە قاچاغ و نامۆ نیە .

ئەو خەڵکانەی پسپۆر و شارەزای بواری دەرمانی گیایین، گیراوە و تێکەڵەکانیان، بەکەپسول یان بەقوتوو یان بەهەر جۆرێک بێت، دەبێ لەلایەن حکوومەت و وەزارەتی تەندروستی ڕێگەیان پێ بدرێت و یاسایەک بەو بوارە دەربچێت، بۆ ڕێکخستنەوە و دروستکردن و بەرهەمهێنانی دەرمانی گیایی. دەبێ بە فلتەری لێژنەی فەرمی تەندروستی حکوومەت تێپەڕبێ و هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ بکرێت، وە دەبێ حکوومەت لە ڕێگەی لێژنەکانی تەندروستی چاودێری وردی شوێنی فرۆشتنی دەرمانی گیایی بکات. ئەگەرنا بەشێکی هەرە زۆری دەرمانی گیانی کە دروستی دەکەن و بەرهەم دێت ناتەندروستە، چونکە بۆ پارە خەڵکانێک دەستیان داوەتە ئەم بوارە کەزۆریش هەستیارە، هەموو کەسێک پسپۆر و شارەزا نییە، تابتوانێ گیراوە و تێکەڵە ئامادە بکات بیدات بە چارەخواز، ئەو کات ژیانی ئەو خەڵکانە دەکەوێتە مەترسیەوە کە بەشێوازێکی زانستی و تەندروست بەرهەم نەیەت.

# زەرەر و زیانەکانی بەکارهێنانی دەرمانی گیایی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان

چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکان، کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە شارەزایی و پسپۆرییە، ئەوکەسەی چارەسەری خەڵک دەکات، بە دەرمانی گیایی، دەبێ لەو بوارەدا بخوێنێ و خول ببینی و ئەزموونی باشی هەبێت، گژوگیا پزیشکییەکان بناسێت و زانیاری تەواوی لەسەر سوود و کاریگەرییەکانیان هەبێ. دەبێت ئاگاداری ئەوەش بێت گژوگیای پزیشکی زیانیشی هەیە، ئەگەر بەڕێژە و بنەمای زانستی بەکار نەیەت.

هەندێک لەو کەسانەی لە بواری دەرمانی گیایی کار دەکەن، هەڵەیەکی هەرە گەورە کە دەیکەن ئەوەیە: لەژێر ناوی دکتۆر و شێخ و مەلا، کارو پیشەکە دەقۆزنەوە، خەڵکی بەو ناوە هەڵدەخەڵەتێنن و دەرمانەکانیان بەخەڵکی دەفرۆشن بەپارەیەکی زۆر و بەشێکیان کاری بازرگانی دەکەن بەو ناوە!

هەیە خوێندەواری نییە و هیچ بڕوانامەیەکی باوەڕپێکراوی نییە، خۆی بەناوی دکتۆر ناساندووە و بەو ناوە کار دەکات، یان هەیە بەناوی شێخ و مەلا کار دەکات هیچ شارەزایەکی وای نییە، لە بواری چارەسەر بە دەرمانی گیایی، بەڵام بۆ پارە کۆکردنەوە دەستی داوەتە ئەوکارە و خەڵکانێک بەو ناوە هەڵدەخەڵەتێن، کاری نوشتە و روقیەی شەرعی دەکەن و دەرمانی گیاییش دەفرۆشن.

هەڵە تێگەیشتنێکی زۆر باو هەیە لەناو هەندێ لەخەڵکی ئەوەیە کە دەڵێن: ئەگەر گژوگیای پزیشکی بەکار بێنین بۆ چارەسەری نەخۆشی ئەگەر چاک نەبین، خۆ زەرەری نییە!

بێگومان ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە و زەرەر و زیانی گەورەی هەیە لەسەر جەستە و تەندروستی، خەڵکانێک زۆر سادە حاڵی بوون، لەبەکارهێنانی چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی، دەرمانی گیایی. دەبێت کەسانی شارەزا و پسپۆر ئەو کارە بکەن، هەیە لەو بوارە کار دەکات خوێندەواری نییە!

بۆیە من وەک نوسەرێک لەو بوارەدا دەڵێم هەرچی زووە حکوومەت و لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکرێت ئەگەرنا خەڵکێکی زۆر دەبنە قوربانی دەستی ئەو کەسانەی بەتەنها بۆ کۆکردنەوەی پارە و دوور لەبنەمای زانستی کار دەکەن لەو بوارەدا .

پێویستە و کاتی هاتووە حکوومەت یاسایەکی تایبەت بەو بوارە دەربکات، بۆ ڕێککردنەوەو ڕێکخستنەوەی بواری چارەسەری پزیشکی تەواوکاری و جێگرەوە، وەک بوارەکانی چارەسەر بە دەرمانی گیانی، کەڵەشاخ، زالوی پزیشکی، دەرزی ئاژنین، مەساج دەرمانی ...هتد

لەکۆتایدا دەڵێم هەر کەسێک ویستی دەرمانی گیایی بەکاربێنێ بۆ چارەسەری نەخۆشی، تکایە بڕۆنە لای کەسانی پسپۆر و شارەزا لەو بوارەدا، چونکە دڵنیابن زیانی گەورەی دەبێت ئەگەر لە ڕێگەی پڕوپاگەندە و ڕێکلامی گەورەکراوی سۆشیال میدیا داوای بکەیت و بیکڕیت، بۆیە وریابن و هۆشیاربن، بەشێکی هەرە زۆری بازرگانیکردنە و ژیانی خۆتان مەخەنە مەترسیەوە.



## گژوگیای پزیشکی لە نێوان زانست و بازرگانیکردندا.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی چارەسەری نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان کراوە بەگژوگیای پزیشکی، مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر زوو مرۆڤ گەڕاوە بەدوای چارەسەر و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان و سوودیان وەرگرتووە لە گژوگیاکان بەشێوازێکی سروشتی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان بەکاریان هێناوە.

هەموو گژوگیایەک بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکار نایەت، دەبێ گژوگیاکان، لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت و بەبەڵگەی زانستی و بەرێگەی تاقیگەیی سەلمێنرابێت کە گژوگیاکە پزیشکییەو بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی سوودی لێوەردەگیرێت.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش ئاماژەی بەوەداوە کە نزیکەی ٨٠٪ دانیشتوانی جیهان چارەسەر بەگژوگیای پزیشکی وەک چارەسەرێکی پزیشکی جێگرەوەو تەواوکاری بەکار دێنن.

هەندێ گژوگیا هەیە ژەهراوین و بۆ چارەسەر بەکار نایەن، لە جۆری ڕووەکە ژەهراویەکانن، وە هەندێک ڕووەکی تر هەیە بەکارهێنانیان

قەدەغەکراوە لەڕووی یاساییەوە، چونکە ماددەی سڕکەریان تێدایە، کاریگەری خراپی لە ڕووی بایلۆژی و فسیۆلۆژی دروست دەکات لەسەر جەستەی بەکارهێنەر، بۆیە ناکرێت و ناگونجێت هەر کەسێک لەلای خۆیەوە کار بکات بە گژوگیا بۆ چارەسەری نەخۆشی، وەک ئاماژەم پێکرد لەبابەتەکانی پێشوودا دەبێ، کەسانی شارەزا و پسپۆر کاری تێدا بکەن و بەکاری بێنن بۆ چارەسەری نەخۆشی، ئەگەرنا لەجیاتی چارەسەر کارەسات دەنێتەوە و خەڵکی بەکارهێنەر دەبنە قوربانی و پێی نەخۆش دەکەون .

گژوگیای پزیشکیش ئەگەر چارەسەرکارەکە شارەزایەکی زۆر باشی نەبێت و پزیشکی پسپۆر لە بواری دەرمانی گیایی بەکاری نەهێنێ و ڕێنمایی و ئامۆژگاری لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنان و خواردنی نەدا بە بەکارهێنەرەکە، ڕەنگە ئەوکەسەی بەکاری دێنێ تووشی گرفتێکی درێژخایەنی تەندروستی بکات، یان هەندێ جار ئەندامێکی لەدەست بدات و ژەهراوی ببێت و بیکوژێت .

خەڵکانێکی زۆر ڕوو لە چارەسەر بەگژوگیای پزیشکی دەکەن، بەڵام دەبێت وریابن، بڕۆنە لای کەسانی شارەزا و پسپۆر لەو بوارەدا، بۆیە ناکرێت کەسانێک بڕۆنە لای ئەو کەسانەی لەژێر ناوی دکتۆر و پسپۆر و مەلا و شێخ کار دەکەن و هاتوون دەستیان داوەتە ئەم بوارە پزیشکی و هەستیارە، بەناوی چارەسەری سروشتی تێکەڵە و

گیراوە و کەپسول و مەرهەم بە خەڵکی دەفرۆشن، لەکاتێکدا ئەوەی ئەوان دروستی دەکەن لە تێکەڵی گیایی، گیراوەی گیایی، کەپسولی گیایی، مەرهەمی گیایی کە بەناوی چارەسەری سروشتی دەیدەن بەخەڵکی و نەخۆش، ئەو ڕێگەیە دوورە لەبنەمای زانستی و پزیشکی، وە بگرە زۆریش ناتەندروستە، چونکە چاودێری حکوومەت و لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەت لێژنەکانی تەندروستی لەسەر نیە.

ئایا ئەو تێکەڵە و گیراوە و کەپسول و مەرهەمە گیاییانە، چۆن و بەچ پێوەرێک و بنەمایەکی زانستی بەرهەم هاتووە و دروستکراوە؟

کارکردن لەو بوارەدا زۆر هەستیارە و مەترسی هەیە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، دەبێت حکوومەت و لێژنە تەندروستیەکان ڕێوشوێنی توونـد بگـرنە بەر، ئەوەی مـن ئاگـاردارم ئەزانـم لەنـزیکەوە چـی دەگوزەرێت، چۆن خەڵکانێک بۆ کۆکردنەوەی پارە بازرگانی دەکەن بەجەستە و ڕۆحی خەڵکی!

عەتارەکـانیش فێربـوون تـێکەڵ و گیـراوە و کەپسـول و مەرهەم دروست دەکەن و دەیدەن بەخەڵکی، ئەوەش کارەسات و مەترسیەکی ترە لەژیان و تەندروستی هاووڵاتیان، بۆیە ناکرێت و ناگونجێت چیتر خەڵکی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی ڕێکلامی تەلەفزیۆنی و سۆشیال میدیا و بڵاوکراوەکانی تر هەڵبخەڵەتێن، تێکەڵە و گیراوە و کەپسول بکڕن بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان.

بەتایبەت خەڵکانێک بۆ پارە پەیداکردن و بازرگانیکردن تێکەڵ و گیراوە و کەپسول و مەرهەم دروست دەکەن بۆ دابەزاندنی کێش، قەڵەوکردنی جەستە و پێستی دەم و چاو، گەورەکردنی زەکەر(چوک) سمت و ڕان و سینگ، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بێت، دەرمانی گیایی بفرۆشن کاریگەری خراپ و مەترسی دەبێت لەسەر تێکچوون و لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەیان وەک جگەر، گورچیلە، پەنکریاس، دڵ، سپڵ، سیەکان...هتد

بۆیە ئەگەر ئەو کەسانەی دەرمانی گیایی دەفرۆشن شارەزا و پسپۆری بواری دەرمانی گیایی نەبن، نابێ دەرمانی گیایی بفرۆشن و بیدەن بەخەڵک، مەترسی و کاریگەری خراپ دروست دەکات لەسەر تەندروستییان،

ئەگەر کەسێک بڵێ من ئەزموونی چەندین ساڵم هەیە لە بواری دەرمانی گیایی و وە لەباوک و باپیرانەوە بۆم ماوەتەوە، ئەو قسەیە هیچ پێوەرێکی زانستی و تەندروستی نییە! چونکە ئەو کەسە دەبێت شارەزابێ و لەو بوارەدا خوێندبێتی و خول و ڕاهێنانی کردبێت و گژوگیای پزیشکی بناسێت، کاریگەریە باش و لاوەکیەکانی بزانێ و بەڕێنمایی و بنەمای زانستی کار بکات، وە جیاوازیەکانی لەگەڵ ڕووەکە ژەهراویەکان و قەدەغەکراوەکان بزانێت و لێی شارەزا بێت، ئەگەر نا ژیانی خەڵکی دەخاتە مەترسی، وەک هەندێک کەس کە بۆ

پارە پەیداکردن و دوور لەبنەمای زانستی ئەو کارە دەکەن لەپشت شاشەی لاپتۆپ و شاشەی مۆبایلەکانیان تێکەڵ و گیراوە و کەپسول و مەرهەرم یـــان هەر جـــۆرە بەرهەمێـــک دەفرۆشـــن، ئەوەش مەترسیەکی گەورەیە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان .



# گژوگیای پزیشکی لە نێوان و دەرمانی ساختە و قاچاخدا

چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی، سوود و گرنگیەکی زۆر باشی هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان، بەڵام دەبێ پزیشکی پسپۆر و کەسانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیاییدا بیدەن بە نەخۆش.

کارکردن لە بواری چارەسەر بەگژوگیای پزیشکی، زۆر هەستیارو مەتریسدارە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە، بەژیان و تەندروستی هاووڵاتیانەوە، ئەگەر چاودێری حکوومەت و لیژنە تەندروستیەکان چڕتر نەبنەوە، لەسەر کەسانێک کە شارەزایی و زانیاری تەواویان نیە لەسەر گژوگیای پزیشکی، لەچارەسەری نەخۆشییەکاندا، کە نەیان خوێندوە و هیچ خول و ڕاهێنانێکی زانستیان نەبینیوە، بەتایبەتتر عەتارەکان، بەهارات فرۆشەکان، زۆر جار دەبینین، ڕێکلام دەکەن لە سۆشیاڵ میدیا و بڵاوکراوەکانیان پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن دەرمانی گیایی سروشتی بەگرنتی هەیانە بۆ چارەسەر و بنبڕکردنی نەخۆشی شەکرە، نەزۆکی لەپیاوان و ئافرەتاندا، چرچ و لۆچی پێستی دەم و چاو، غودە، نەخۆشییەکانی چاو، مایەسیری، جیوب، چەوری جگەر،

سســـتی گـــورچیله، هەوکـــردن و ئـــازاری ســـووڕی مانگـــانە، نەخۆشییەکانی دڵ، نەخۆشییەکانی گەدە، خەستی خوێن، کەمخوێنیی،.. هتد ئەوا ژیانی خەڵک دەکەوێتە مەترسی زیاترەوە.

دواتــر لە هەمــووی کارەســاتتر و مەترســیدارتر ئەوەیە چارەســەر بەگژوگیــا و دەرمــانی گیــایی، بەبێ دەستنیشــانکردن و دیــاریکردنی جۆری نەخۆشـی، چۆن دەبێت دەرمانی گیایی بدرێت بەنەخۆش؟ ! عەتارەکــان و بەهــارات فرۆشــەکان و هەنــدێک کەس کە شــوێنکی گەورەیــان کــردۆتەوە، لەژێــر نــاوی دکتــۆر و پســپۆر و شــارەزا کاردەکەن، تەنها چەند خولێکی ئۆنلاینی بینیووە و هەندێک ڤیدیۆی سەیرکردووە و کۆمەڵە پەرتووکێکی خوێندووەتەوە، هاتووە ڕێکلام دەکات بە نوسین و ڤیدیۆ بۆ تێکەڵە و گیراوە و پاودەر و کەپسول کەخۆی دروستی کردووە بۆ ئەوەی بیفرۆشێت بەخەڵکی نەخۆش!

باشە بەکام پێوەر و بنەمای زانستی دروستی کردوون؟! ئەی کوا ڕێگەپێدانی، یاسایی و تەندروستی بە تێکەڵە و گیراوە و مەرهەم و کەپسول؟!

هەندێک دەرمان لەژێر ناوی گژوگیای سروشتی و دەرمانی گیایی هاوردە دەکرێن، هیچ مۆڵەتێکی یاسایی و تەندروستییان لەسەر نییە، دەرمانی قاچاخ و ساختەن، لەئەسڵدا دەرمانەکان کیمیاوین و تێکەڵ کراون بە گژوگیای پزیشکی!

لەزۆر شـوێنی دەرمـانی گیـایی و عەتارەکـان و بەهـارات فرۆشـەکان، دەفرۆشرێن و داواکاری زۆریان لەسەرە، دەرمانەکان کەبۆ مەبەستی قەڵەوکـــردن و لاوازی جەســـتە و گەورەکردنـــی زەکەر(چـــوک)، گەورەکردنی سنگ، مەمک، سمت، ڕان، پێستی دەم و چاو بەکاردێنن، بەڵام دەرمانەکان قاچاخ و ساختەن و مەترسیدارن و کاریگەری زۆر خراپیان هەیە لەسەر تەندروستی ئەو کەسانەی بەکاری دێنن، چونکە دەرمانی کیمیایی و گژوگیایی پزیشکی بەیەکەوە تێکەڵ کراون، وەک پاودەر یان وەک گیراوە لەقوتوکراون یان وەک کەپسول بەکاردێن بۆ خـواردن زۆر جـاریش بەهـۆی کـارلێککردنی مـاددە کیمیاویەکـان و گژوگیاکان کە لەو گیراوە و پاودەر و کەسپولانەدا هەیە، دەبێتە هۆی ژەهـراوی بـوونی جەسـتەی بەکـارهێنەر یـان لەدەسـتدانی ئەنـدامێکی جەسـتەی یـا زۆر جـاریش ڕەنـگە بەکـارهێنەرەکە بکوژێـت و ژیـانی بخاتە مەترسیەوە.

**تێبینـی//** هەر دەرمـانێکی گیـایی و سروشـتی ویسـتتان بیکـڕین و بەکـاری بێـنن بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی، لەپێشـدا ڕاوێـژدا بـکەن بە پزیشـکی پسـپۆری دەرمـانی گیـایی و کەسـانی شـارەزا لە بـواری گژوگیای پزیشکی، دەرمانی گیایدا، بۆ ئەوەی ڕێنمایی و ئامۆژگاریت بـکەن، ئەگەر دەرمانەکـان قاچـاخ و سـاختە و ناتەندروسـت بـوو،

ئاگادارت دەکەنەوە، تکایە هیچ گژوگیا و دەرمانێکی گیایی لەخۆتانەوە و بەبێ ڕێنمایی و ئامۆژگاری کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەکار مەهێنن، لەخۆتانەوە هیچ تێکەڵە و گیراو و پاودەر و کەپسولێک مەخۆن.

خەڵکانێک بۆ پەیداکردن و کۆکردنەوەی پارە هەموو کارێک دەکەن گرنگ پارەیەکی باشیان دەستبکەوێت، گوێ بەوە نادەن کە زۆر جار ژیان و تەندروستی خەڵکی دەکەوێتە مەترسی، بەهۆی ئەو دەرمانە قاچاخ و ساختە و قەدەغەکراونەی ئەوان دەیفرۆشن، بۆیە ئەو دەرمانانەی لە سۆشیاڵ و تیڤی و بڵاوکراوەکانی تر ڕێکلام و پڕ پاگەندەیان بۆ دەکرێت، بەناوی چارەسەری نەخۆشی بە گژوگیای پزیشکی و سروشتی، بەکاری مەهێنن مەترسیدارن، کاریگەری خراپی هەیە بۆ تەندروستییان، لە ڕێگەی ئۆنلاین داوای مەکەن.

هەر دەرمانێک لەژێر ناوی گژوگیای سروشتی و دەرمانی گیایی ڕێکلامی بۆ بکرێت و ستیکەری تەندروستی لەسەر نەبێ و نایاسایی و ناتەندروستە، واتا بەقاچاخ و ساختە هاوردەکراوە، جا دەرمانەکە ئێرانی بێ، تورکی بێ، سوری بێ، عێراقی بێ، هی هەر وڵاتێک بێ.



# مەترسییەکانی چارەسەری هەڕەمەکی بە گژوگیای پزیشکی

لە هەرێمی کوردستانیش هەر لەکۆندا، کەسانێک هەبوون چارەسەری نەخۆشیان کردووە، بە گژوگیای پزیشکی، وە هەندێک لەو کەسانە دەستنووسیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە، باسیان لەچارەسەر بە گژوگیا پزیشکییەکان کردووە، ئینجا کوڕ یان کچ یان نەوەکانیان جارێکیتر کاریان بەگژوگیای پزیشکی کردووە، بەڕاستەوخۆ فێربوون یان لە ڕێگەی دەستنوسی بەجێماوی باوک، دایک، باپیر، داپیر کەبەجێماوە سوودیان وەرگرتووە بۆ فێربوون و ئیشکردن بە گژوگیای پزیشکی و بەردەوام بوون تا ئەمڕۆش چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی بەکاردێنن و نەخۆشی پێ چارەسەر دەکەن.

لەسەردەمێکی وەکو ئەمڕۆدا، کارکردن لە بواری چارەسەر بەگژوگیای پزیشکی، پێویستی بە خوێندن و خول و ڕاهێنانی زۆری مەیدانییە، بۆ ئەوەی چارەسەرکاری بواری دەرمانی گیایی، بەشێوازێکی زانستی و پزیشکی و تەندروست کاربکات لەسەر نەخۆش، نەک بەشێوازێک هەڕەمەکی کە لەباوک و دایک و باپیر و

داپیریان فێربوون و بۆیان ماوەتەوە ئەو ڕێگەیە زۆر ناتەندروستە و دووره لە بنەمای زانستیی پزیشکی و چارەسەری سەردەم.
بۆیە کەسانێک کەدەڵێن چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی کە لەباوک و دایک و باپیرو داپیرمان، بۆمان ماوەتەوە، هیچ پێوەرێکی زانستی و پزیشکی نییە، بەڵکو هەیانە تاوەکو ئێستاش بەشێوازێکی هەڕەمەکی کار دەکەن، لە بواری گژوگیای پزیشکی، ئەوەش زۆر مەترسیدارە و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بەکارهێنەرانی، زۆر جار ژیان و تەندروستییان دەکەوێتە مەترسیەوە .

لەئێستادا خەڵکێکی زۆر دەستیان داوەتە بواری چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی، دوکان و نۆرینگە و سەنتەریان داناوە، هیچ ئەزموون و شارەزایەکی زانستیان نییە لەسەر چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی، دەتوانم بڵێم زیاتر هەڕەمەکیە و لەئایندەدا وا بڕوات ژیان و تەندروستی زۆرێک لە خەڵک دەکەوێتە مەترسیەوە، بەهۆی بەکارهێنانی گژوگیای پزیشکی لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەهەڕەمەکی و بۆ پارە پەیداکردن و بازرگانیکردن بە جەستەو ڕۆحی خەڵکی کاردەکەن، زۆر جاریش بیستومانە و بینیومانە کە خەڵکانێک بوون بە قوربانی و گیانیان لەدەستداوە بەهۆی ئەو دەرمانە گیاییانەی کەلە ڕێگەی سەرهێڵ (ئۆنلاین) کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، کە زیاتر

بازرگـانییه و دووره لەبنەمـای بەکارهێنـانی زانسـتیی پزیشـکی و ناتەندروستن.
ئامـادەکردنی گژوگیـا بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی، دەبـێ ئەو کەسـە شـارەزا و پسـپۆر و پزیشـکی بـواری دەرمـانی گیـایی بێـت، چـونکە ئامـادەکردن و گـرتنەوەی گژوگیـای پزیشـکی پێویسـتی بە لێزانـی شارەزایی و پسپۆرییە دەبێ بەرێژەو قیاسی زانستی، تێکەڵە، گیراوە، ئاوتکی گیایی، کەپسول، مەرهەم ....هتد دەبێ بەبنەمای زانستی ئامادە بکرێن، نەک بەشێوازێکی هەڕەمەکی.
لە ڕێگەی دەستنووس و سەیرکردنی ڤیدیۆ و خوێندنەوەی پەرتووک یا لە باوک،دایک، باپیر، داپیر، خاڵ، مام، هاوڕێ، دۆست، خزم، فێری چارەسەر بەگژوگیای پزیشکی نابیت، چونکە دەبێ لەو بوارەدا بەوانە بیخوێنی و دیراسـەی بکەیت و ئەزموون پەیدا بکەیت، ئینجا بڕۆیت لای کەسانێکی پسپۆر و شـارەزا بۆ مـاوەی شـەش مانگ تـا سـاڵێک لەبەر دەسـتیان کـار بکەیـت و تـاقیکردنەوە بکەن پێت و ئینجـا دەبێ ئەوان ڕێگەت پـێ بـدەن کـار بکەیـت، ئەگەر بـۆ کـۆکردنەوەی پـارەو بازرگـانیکردن بێـت، ئەوا بە شـەرع و بە یاسـا و بە عـورفیش تاوانباریت کە بە ناشارەزایی کاردەکەیت.

## دەرمـانی گیـایـی لـە نـێـوان گـرەنـتی و ڕێکلام و بە بازاڕ کردندا

زۆر جار گوێبیستی قسەیەک دەبین کەلە کوردەواری خۆماندا خەڵکی باسـی دەکەن و دەڵـێن: دەرمـانی گیـایی ئەگەر سوودیشـی نەبـێ، زیانیشی نییە! ئەم قسەیە زۆر هەڵەیە، چونکە هەر گژوگیایەک کە بۆ مەبەسـتی چارەسـەری نەخۆشـی بەکاربێـت و بگونجێـت، ئەگەر بە شـێوازێکی زانسـتیی پزیشـکی ئامـادە نەکرێـت، ئەوا دەبێـتە ژەهـر و مەترسی لەسەر ژیان و تەندروستی نەخۆش و بەکارهێنەر.

دەرمـانی گیـایی و کیمیـاویش هـیچ کـات گرەنتـی لەگەڵ نییە، چـونکە چارەسـەر و شـیفا تەنهـا لای خـوایە، ڕاسـتە چارەسـەر و دەرمـانەکە، زۆر بـاش و کـوالیێتیە، مـارکەیە، بەڵام بەگرەنتـی فرۆشـتنی گژوگیـای پزیشـکی، دەرمـانی گیـایی، کیمیـاویش هـیچ بنچینەیەکـی زانسـتی و مەنتقی نیە.

کەواتە فرۆشتن و بە بازاڕ کردنی دەرمانی گیایی، وەک هەندێ کەس کە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکەن، تەنها بۆ پارە پەیداکردن و بـازاڕ گەرم کـردن ڕێکـلام و پڕوپاگەندەی پێـوە دەکەن تـا تـێکەڵە، گیـراوەو،

کەپسـول، ئـاوتکی گیـایی، پـاودەر مەرهەم ...هتـد لەژێـر نـاوی چارەسەری سروشتی بە گژوگیای پزیشکی ساغ بکەنەوە، لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و بڵاوکراوەکانی تر، لەکاتێکدا دروستکردنی تێکەڵە، گیـراوە، کەپسـول، ئـاوتکی گیـایی پـاودەر هـیچ بنەمـایەکی زانسـتیی پزیشکی نییە بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنیان، چونکە دەبێت لەژێر چاودێری حکوومەت بێت، بەتایبەت لیژنەکانی تەندروستی ڕێگە بدەن بە بەرهەمهێنـان و دروسـتکردنی دەرمـانی گیـایی، نەوەک ئێسـتا هەر کەسـێک لەلای خـۆیەوە هەسـتاوە و دوکـانێکی دانـاوە بەنـاوی چارەسـەری سروشـتی بەگژوگیـای پزیشـکی. دەرمـانی گیـایی، ئەگەر بەڕێگەیەکی زانستی و تەندروست کاری لەسەر نەکرێت ئەوا ژیـان و تەندروسـتی بەکـارهێنەر دەکەوێـتە مەترسـیەوە. بـابەتی فرۆشـتنی دەرمـانی گیـایی زۆر هەسـتیارە کـڕین و فرۆشـتن، بەم جـۆرەی کە ئێستا هەیە تەنها بۆ بـازاڕ خۆشکردن و ڕێکلام کردنە لەژێر ناوی گرەنتـی، درۆیەکـی گەورەیە لەگەڵ نەخـۆش و خەڵکـی بەکـارهێنەر دەکرێت.

هەرچی دەرمان و چارەسەرە لەسەر گۆی زەوی، کە بەناوی گرەنتی و باشـترین و چـاکترین دەفرۆشـرێت بە نەخـۆش و خەڵـک، دوورە لەڕاسـتیەوە، هـیچ بنەمـایەکی زانسـتی و تەندروسـتی نییە، تەنهـا بەم

ناوه خەڵک هەڵدەخەڵەتێنن و بازرگانی و بازاڕی پێ گەرم دەکەن، لە ڕێگەی پڕوپاگەندە و ڕێکلام کردن، بەهەموو جۆرێک تا ڕەواج و ڕەوایی بدەن بە بەرهەمە ناتەندروستەکانیان، لەو ڕێگەیەوە نەخۆش و خەڵکی بەکارهێنەر دەیکڕێت و بەکاری دێنێت و ژیان و تەندروستییان دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە دەبێ لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربن و یاسایەک دەربکەن بۆ ڕێگرتن لەدروستکردن و بەرهەمهێنانی دەرمانی گیایی بەشێوازێکی هەڕەمەکی و ناتەندروست.



# لەژێر ناوی حەکیم و شارەزا و دکتۆردا ژیان و تەندروستی خەڵکی مەخەنە مەترسییەوە!

دەرمانی گیایی، لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، خەڵکانێک بەڕاست و چەپ هاتوون نۆرینگە، دەرمانخانە، سەنتەر، دوکانی دەرمانی گیاییان داناوە، بێ ئەوەی هیچ زانست و زانیارییەکی وایان هەبێ لەبارەی چارەسەر بە گژوگیایی پزیشکی.

دەرمانی گیایی، ئەگەر هەندێ لەو کەسانەی وا حاڵی بوون بۆ پارە پەیداکردن و بژێوی ژیانیان ئەو کارە دەکەن، بەو جۆرەی ئێمە هەستی پێدەکەین و دەیزانین، بەڕاستی لەئایندە کارەساتێکی زۆر گەورە، ڕوودەدات! مەترسی لەسەر ژیان و تەندروستی هەزاران خەڵکی بەکارهێنەر دروست دەبێت، دەرمانی گیایی وەک فرۆشتنی کێک و شەربەت و چوکلێت نییە، هەر کەسێک هات دەرمانی پێ بدرێت و بفرۆشێت، خەڵکی بەکارهێنەریش بیبات و بیخوات.

کارکردن لە بواری دەرمانی گیاییدا، دەبێ ئەو کەسە شارەزابێ و وانە و خولی بەو بوارە بینیبێت، وە باگراوندێکی زانستی تەواوی هەبێت لەسەر ناسینی گژوگیا پزیشکییەکان، کە بۆمەبەستی

چارەسـەری نەخۆشـی سـوودیان لێوەردەگیرێـت، دانـانی دوکـان و نۆرینگە و سـەنتەر کـارێکی ئاسـانە، بەڵام دەرمـانی گیـایی ئەگەر بـۆ مەبەسـت و نیەتـی پـارە پەیـداکردن و بژێوی ژیـان بێ مەترسـیدارە! چـونکە خەڵکانێـک دەبینـین لەو بـوارەدا کـاردەکەن، تەنهـا وەک کـارو پیشەی دوکانێکی سەوزە و میوە لێی دەڕوانن، بەو جۆرە کـاری تێدا دەکەن، ئەوە کارەساتە و بازرگانی کردنە بە ڕۆح و جەستەی خەڵک.
چارەسەرکاری بواری دەرمانی گیایی پێویستی بە شارەزای و لێزانـی و پسـپۆرییە لەو بـوارەدا دەبێـت شـارەزا و لێهـاتووبێ بەڕێگەیەکـی ئەکـادیمی کـار بکـات، لەو بـواردا بخـوێنێ و چارەسـەری بەگژوگیـای پزیشکی بەجوانی فێربێت و لێکۆڵینەوەی لەبـارەوە بکـات، نـابێ وەک کارو کاسبی و پارە پەیداکردن، سەیر بکرێت.
دەرمــانی گیــایی زانســتێکی پزیشــکییە، بــۆ مەبەســتی چارەســەری نەخۆشـی، سـوود لەگژوگیـا پزیشـکییەکان وەردەگیرێت، کەواتە پـێش هەمـوو شـتێک دەرمـانی گیـایی کـارو کاسـبی و پیشـە و بژێوی ژیـان نییە، بەڵکو چارەسەری خەڵکی نەخۆشی پێدەکرێت، هەر گژوگیـایەکی پزیشـکیش بـۆ نەخۆشـییەکی تـایبەت سـوودی لێوەردەگیرێـت، زۆر جاریش پێویستە گژوگیاکان توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت، سـوود و زیانەکانیان بزانرێن.

کەسانێک لە بواری دەرمانی گیایی کاردەکەن، لەژێر ناوی دکتۆر و حەکیم و شارەزا، خۆیان دەرخستووە و خۆیان بە ناوبانگ کردووە، نە دکتۆرن، نە شارەزان، نە حەکیمن، بەڵکو بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵک هاتوون، ڕێکلام و پڕوپاگەندە دەکەن، بەرهەمە ساختەو قاچاخ و قەدەغەکراوەکانیان، ساخ دەکەنەوە و دەفرۆشن

.



# چارەسەر بە گژوگیای پزیشکی لە نێوان حەقیقەت و خورافیاتدا

زۆر کەس پێیان وایە کە گژوگیای پزیشکی توانای چارەسەرکردنی چەندین نەخۆشی هەیە، کە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە و زۆر سەلامەت و تەندروستن و هیچ مەترسییەکیان نییە بۆ جەستە، کەواتە ڕاستییەکە چییە لە چارەسەری بە گژوگیای پزیشکی؟ مەترسی ڕووەک و گژوگیای دەرمان چییە؟ ئایا بەڕاستی زۆر سەلامەت و تەندروستن؟

یەکێک لە بنەماکانی ژیانی تەندروست، ئەوەیە کە پەیڕەوی ڕێبازی زانستی و پزیشکی بکەین، ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەرمانێکی گیایی وەربگرین بۆ چارەسەری کیشەو نەخۆشییەکانمان دەبێت ئەو کەسە شارەزا و پسپۆری بواری دەرمانی گیایی بێت، ئەگەرنا ژیانمان دەکەوێتە مەترسیەوە و تەندروستیمان تێکدەچێت .

چارەسەر بەدەرمانی گیایی، پێویستی بە شارەزایی و لێزانی هەیە، کە چۆن گژوگیای پزیشکی ئامادە دەکرێت؟ بۆ چارەسەری نەخۆشی و

کێشەی تەندروستی، چونکە دەبێت ئەو کەسە شارەزا و پسپۆر بێت لە بواری گژوگیای پزیشکی، کەچۆن گژوگیا پزیشکیەکە لێدەکرێتەوە و چۆن هەڵدەگیرێت و چۆن ئامادە دەکرێت و بەرهەم دێت و دەکرێت بەدەرمانی گیایی.؟.

بابەتی دەرمانی گیایی و ڕووەکی پزیشکی، کاریگەری و مەترسی زۆر هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ، فەیلەسووف پاراسلۆس دەڵێت: (هەموو شتێک ژەهرە، هیچ شتێک نیە بێ ژەهر، تەنیا ئەو شتەیە کە سم، ژەهر دروست دەکات).

بۆیە ئەو کەسانەی وەک عەتار یان هەر کەسێکیتر کە بەڕێگەی خوێندنەوەی پەرتووک، وەرگرتنی وەسفە، لەخۆیانەوە دەرمان ئامادە دەکەن و دروستی دەکەن، وەک تێکەڵی گژوگیا، جا بە کەپسول یان بە هاڕاوی بکرێتە ناو قوتوو، یان گیراوەی گژوگیا وەک ئاوتک، یان وەک کریم و مەرهەمی ئامادەکراو و دروستکراو بێت، بۆ چارەسەرکردنی هەر نەخۆشییەک بێت، کەلە دوکان و شوێنەکانی جوانکاری خانمان دەیفرۆشنەوە بە پارەیەکی زۆر، ئەوەیان مەترسیدارە، چونکە دەبێ کەسانی شارەزا و پسپۆر گژوگیا پزیشکییەکان ئامادە و دروست بکەن. نەک هەر کەسە و لەلای خۆیەوە دەرمان دروست بکات و بیفرۆشێت. ئەمە کارەسات و مەترسی زۆر خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی و ژیان بەکارهێنەر.

زۆربەی ڕەچەتەی گیایی، هیچ کات ڕاستەوخۆ ئەنجامێکی خێرا نادات بەنەخۆش و بەکارهێنەر، ئینجا پێی بڵێت با بیخوات و دەبێتە شیفا و چاک دەبێتەوە، نەخێر بۆ زۆربەی ئەو نەخۆشانەی کە بەدوای چارەسەری سادە و خێرادا دەگەڕێن بۆ نەخۆشی و کێشەکانیان بە گژوگیای پزیشکی، دەرمانی گیایی، چارەسەرکردن بە ڕووەکە پزیشکییەکان زۆرجار تەنها دوای هەفتە یەک یان چەند مانگێک، لەبەکارهێنانی، دەرئەنجامی دەبێت.

لە کەلتووری هیندی و یۆنانی و میسری و چینییەوە دەست پێدەکات و بە عەرەبی و ئیسلامی کۆتایی دێت، ئەم شارستانیەتانە وەک خواردنەوەی تەندروست بۆ جەستە سودمەند دەبن، لەبەرکارهێنانی گژوگیای پزیشکی، بۆ چارەسەری نەخۆشی و کێشەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا جیاوازیەک هەیە، دەربارەی ئەوەی کە ئەم گژوگیا پزیشکییانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی، بە تایبەت نەخۆشییە درێژخایەنەکان وەک شێرپەنجە، دڵ، شەکرە، سەوەفان، ڕۆماتیزم، ئەگزیما، سەدەف، جگەر، گورچیلە، نەزۆکی، شەقیقە .

زۆر جار ئەو کەسانەی لەخۆیانەوە، گژوگیای پزیشکی بەکاردێنن، یان کەسانێک خۆیان بەشارەزا و پسپۆر دەزانن، دەیدەن بەنەخۆش و خەڵکی دوایی تووشی چەندین کێشە و گرفتی تەندروستی دەبن و

ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و هەندێک لە کاردانەوە هەستیارەکان تووش دەبن وەک:
سەرئێشەی درێژخایەن. هەناسەدان سەختە و توونـد و تەنگە نەفەسی، لاوازی جنسی، لاوازی گورچیلە،
تێکچوونی هۆرمۆنات، کێشە و گرفتی گەدە و قۆڵۆن، ڕشانەوە و سکچوون...
دەبێت لە دکتۆر و کەسە شارەزاکانی بواری دەرمانی گیایی بپرسیت، دەربارەی ئەو بڕە گژوگیا و دەرمانە گیاییانە، کە پێویستە هەر جارێک بەکاری بهێنیت و ماوە و کاتەکەشی چەند و کەی بێت، کە دەبێت بەردەوام بیت لە وەرگرتن و خواردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ چارەسەری نەخۆشی .
ئەگەر دەرمانی کیمیاویی و گیایی وەردەگریت هەر دووکی لەیەک کاتدا دەخۆیت و دەستت کردووە بە وەرگرتن و خواردنی دەبێت ڕاوێژ بکەیت بە دکتۆرەکەت و پرسیار لە دەرمانسازەکەت بکەیت، دەربارەی ئەو کارلێکانەی کە لەوانەیە لە نێوان گژوگیای پزیشکی ،دەرمانی گیایی و دەرمانی کیمیاویدا ڕوو بدات، دواتر ژیان و تەندروستیت دەکەوێتە مەترسیەوە.
بۆیە هەر کات لەخۆتەوە چوویتە لای عەتار و کەسانی نەشارەزا لە بواری گژوگیای پزیشکی، دەرمانی گیایی، ئەو کاتە وەرگرتنی هەر

گژوگیـا و دەرمـانێکی گیـایی بەڕاوێـژ و ڕێنمـایی ئەوانـت کـرد، ئەوا چارەسـەرەکە حەقیقەت نیەو خورافیـاتە و نازانسـتی و ناتەندروسـتە، بۆیە ژیان و تەندروستی خۆتـان بەلاوە گرینگ بێت، ئەگەرنـا ژیانت دەکەوێتە مەترسیەوە.



## بەکارهێنانی دەرمانی گیایی لە نێوان زانست و هەوا و ئارەزوودا.

لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیی پزیشکیدا، تویژەران و چارەسەرکارانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی، جەخت لەسەر زیندوویی و پشت بەستن بە ڕووەک و گژوگیا پزیشکییەکان دەکەنەوە، بۆ پاراستنی تەندروستی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی سەردەمی ئەمڕۆ وەک: شەکرە و قەڵەوی و نەخۆشی دڵ، چەوری زیانبەخش، گورچیلە و چەندین نەخۆشی تر....

کارکردن لە بواری گژوگیای پزیشکی، زانستێکی کۆنی پزیشکیە، دەبێت ئەو کەسە شارەزایی هەبێت، یان پزیشکی پسپۆر بێت، بۆ ئەوەی ژیان و تەندروستی نەخۆش نەکەوێتە مەترسیەوە، چونکە دەبینین کەسانێک بەهەواو ئارەزووی خۆیان گژوگیا پزیشکییەکان ئامادە دەکەن، بەبێ هیچ زانست و زانیارییەک، بەڕێژەیەکی تەواو تەندروست ناتوانن هیچ گژوگیایەکی پزیشکی ئامادەبکەن! وەک تێکەڵەی گیایی، گیراوەی گیایی، کەپسول گیایی، مەرهەمی گیایی، زەیتی گیایی، ئاوتکی گیایی، زۆر جار دروستکردن و ئامادەکردنی

دەرمانە گیاییەکانیان لەجیاتی چارەسەر ژەهرن نەک دەرمان، چونکە دەبێت بە ڕێژەیەکی زانستی و بە شارەزایی ئامادەبکرێت، وە ئاگاداری چۆنیەتی بەکارهێنانی دەرمانە گیاییەکان بێت، چ کاتێک دەخورێت، چۆن بیخوات، بۆ چ نەخۆشییەک نابێت، کاریگەری لاوەکیان چیە؟

ڕێژەی زۆر لەگژوگیا پزیشکییەکان لای عەتارەکان و دوکانی بەهارات فرۆش و شوێنی مەوادی جوانکاری دەستدەکەوێت، کە زۆریان ڕێگە پێدراو نین، لەلایەن حکوومەت و وەزارەتی تەندروستی، بۆیە خەڵکی توشی، چەندین کێشەی تەندروستی دەکەن، ئەگەر پزیشکی پسپۆر و کەسانی شارەزا بەکاری نەهێنن.

هیچ گژوگیایەکی پزیشکی نابێت لەخۆتانەوە یان لە ڕێگەی عەتارەکان و ئەو کەسانەی ناشارەزان بەکاربهێنن، کارێکی ناتەندروستە و ژیان و تەندروستی خەڵک و نەخۆش دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەو کەسانەی لە بواری پزیشکانی میللی کاردەکەن، دەبێت وریای ئەوە بن، ئەگەر نەخۆشێک چارەسەری وەرگرتبێت بەدەرمانە کیمیاییەکان و لەگەڵیا دەرمانی گیاییش بەکاربێنێ، ئەگەر بە هەڕەمەکی بێت، پێکهاتە گژوگیاییەکان مەترسیدار دەکات بۆ بەکاربەر.

لەیەک کاتدا بەکارهێنانی دەرمانە کیمیاییەکان و دەرمانە گیاییەکان ئەگەری هەیە، نەخۆش و بەکاربەر ژەهراوی بکات، تووشی چەندین کێشە و نەخۆشی دەبن وەک: شێرپەنجە، سستی گورچیلە، نەزۆکی، سپل، جگەر، دڵ، مێشک، گەدە، لاوازی چاو، لاوازی جنسی، خەست بوونەوەی خوێن و غودە...



# کۆکراوەکانی کیمیایی لە گیادا چین؟

خانە ڕووەکەکان، ئەو ماددانەی تێدایە، کە دەتوانین بە بەکارهێنانی مایکرۆسکۆب و تاقیکردنەوەی کیمیایی و فیزیایی دەستنیشانی بکەین. ئەم ناوەڕۆکانە یان بەرهەمی خۆراکی کۆگاکراون، یا گژوگیای پزیشکی، ڕۆڵی تەواوی ئەو پێکهاتە چالاکانە نازانین لە دیاردە بایۆلۆجییە ڕووەکییەکاندا، بەڵام دەتوانین بڵێین کە بەشداری هیچ کارێکی بنەڕەتی لەو ڕووەکە ناکەن و پێکهاتەی لاوەکین.

چارەسەرکارانی بواری پزیشکی، هەموویان ناتوانن دەستنیشانی نەخۆشی بکەن و نازانن بە شێوازێکی زانستی کار بکەن، ئەگەر دەرمانی گیایی بەکاربێنێ، بەنموونە: کەسێک نەخۆشە بەردی گورچیلەی هەیە یان گورچیلەی ڕملی هەیە، دەرمانی گیایی پێ دەدەن، کەچی لەجیاتی چارەسەر، نەخۆشی دەکەن.

## مردن بەدەرمانی گیایی چییە؟

گژوگیا پزیشکییەکان، تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە لە لێکردنەوە و هەڵگرتن و ئامادەکردنیاندا، لە چارەسەرکردنی نەخۆشی، بەنموونە: گژوگیا پزیشکییەکان کاریگەری ئاو و هەوا، خاکیان، لەسەر دەبێت واتا دەبێت ئاو و هەوا و خاکەکە پاک بووبێت، وە لەکاتی لێکردنەوە و هەڵگرتن و وشککردن و ئامادەکردنی گژوگیاکە، دەبێت ئەو کەسە پزیشکی پسپۆر بێت، یان شارەزا و لێزان بێت، بۆیە ئەگەر شێوازی هەڵگرتن و لێکردنەوە و وشککردنەوەی گژوگیا پزیشکییەکان، بەشێوازێکی زانستی نەبێت، ئەوا گژوگیاکە تایبەتمەندیی خۆی لەدەست دەدات، لەجیاتی دەرمان هیچ سودیان نابێت و بەڵکو بگرە نەخۆش و بەکاربەر نەخۆش دەکەن.

# چۆن زەعفەرانی ڕەسەن (ئەسلی) لە زەعفەرانی ساختە جیا بکەینەوە؟

## زەعفەران چیە؟

زەعـفەران: ڕەنگێکـی زەردی درەوشـاوەیە، تـامێکی خـۆش و باشـی هەیە، بۆ خواردن سوودی لێوەردەگیرێت، لە گوڵی ڕووەکی زەعفەری پـایزی مـۆردا بەرهەم دێـت، کە لە ڕووی زانسـتییەوە بە زەعـفەری سوسینی ناسراوە. ناوی زانستی (Crocus sativus)،

زەعفەران سەرچاوەیەکی گرنگی پێکهاتووی خۆراکییە، دەوڵەمەندە بە مادده دژەئۆکسانەکان، هەروەها کانزای مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، ڤیتامین سی، کارۆتینەکان و ڤیتامین(B6)ی تێدایە، کە هەر یەکێکیان گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بۆ جەستەی مرۆڤ.

## چـۆن زەعفەرانـی ئەسـڵی و زەعفەرانـی سـاختە، لەیەک جیـا بکەینەوە؟

بۆ ناسینەوەی زەعفەرانی ئەسڵی، یەک کوپ ئاوی سارد بێنە، کەمێک سۆدە لەئـاوی سـارد بکە دوایی لێکی بدە و کەمێک زەعـفەران بکە

ناوی، ئەگەر ڕەنگی زەرد بوو زەعفەرانی ئەسڵە، ئەگەر ڕەنگی سور بوو زەعفەرانی ساختەیە .

زەعفەرانی ئەسڵ، ئەگەر بکرێتە ناو ئاو تا ٢٠ خولەک، دوایی ڕەنگ دەداتەوە، بە ڕەنگی مەیلەو پەرتەقاڵی، لەناو ئاودا .

هیچ زەعفەرانێکی ئەسڵ ڕەنگی سوور نابێت و ئەو ڕەنگەی لە ئاو بڵاوی دەکاتەوە، شەفافە واتا ڕوونە.

ئەگەر ویستتان بزانن ئەسڵە، کاتێ کردتانە ناو ئاو، ڕیشاڵەکە لەئاو بێننە دەرەوە، لەبەینی، پەنجەکانی دەست بیگوشن، ئەگەر لەیەک بووەوە زەعفەرانی ساختەیە، ئەگەر لەیەک نەبووەوە زەعفەرانی ئەسڵە.

**زەعفەرانی ئەسڵ:** بریقەدار نییە، ئەگەر بریقەدار بوو، ئەوا زەعفەرانی ساختەیە.

**زەعفەرانی ساختە:** ڕیشالەکانی وەک خۆی دەمێنێتەوە بەڕەنگی زەرد .

ڕێگەیەکی ئاسانتر بۆ ناسینەوەی زەعفەرانی ئەسڵ، ئەگەر کردتانە ناو ئاو و ڕیشاڵەکانی سەر ئاو کەوتن ئەوا زەعفەرانی ئەسڵییە، ئەگەر ڕیشاڵەکانی ژێر ئاو کەوتن ئەوا زەعفەرانی ساختەیە.

## ڕێگەیەکی تر بۆ ناسینەوەی زەعفەرانی ئەسڵ و ساختە

دەستمان تەڕ دەکەین بەئاو، زەعفەران دەگوشین، ئەگەر ڕەنگی پرتەقاڵی و وە ڕەنگی زەردی زیاتری دایەوە لەدەستدا، ئەوا زەعفەرانی ئەسڵی و ساختە تێکەڵ کراوە، بەناوی زەعفەرانی ئەسڵی دەفرۆشرێ . لەسەر ئاگر کەمێکی بسوتێنە، ئەگەر سوتاو ڕەنگی ڕەش بوو ئەوانە زەعفەرانی ساختەیە.

ئەگەر بمانەوێ زەعفەرانی ئەسڵ بناسینەوە، کەمێکی لەسەر ئاگر دەیسوتێنین، ئەگەر سوتاو رەنگی وەنەوشی و پرتەقاڵی بوو ئەوا زەعفەرانی ئەسڵە.

ڕێگایەکی تر بۆ ناسینەوەی زەعفەرانی ئەسڵ و ساختە، بەنزین یان گازوایل بێنە، کەمێک بەنزین یا گازوایل لەدەستمان دەدەین، دوای کەمێک زەعفەران دەکەینە ناو گازوایل و بەنزین، ئەگەر رەنگی نەدایەوە، ئەوا زەعفەرانی ئەسڵە، ئەگەر رەنگی دایەوە ئەوا زەعفەرانی ساختەیە.

**زەعفەرانی ئەسڵ لەتام بۆندا چۆنە؟**

تامی زەعفەرانی ئەسڵی شیرینە، پێکهاتەی بۆنی لەهەنگوین و وێنجەش دەچێت.

شێوە و شێوازی زەعفەرانی ئەسڵ چۆنە؟

شـێوە و شـێوازی زەعـفەران چـۆنە؟ ڕیشـاڵەکەی لەژێـرەوە ناسـکە، لەسەرەوە پان دەبێتەوە .

**بەچ جۆرێک زەعفەران ساختەو تەزویر دەکرێت؟**

زەعفەران ساختە و تەزویر دەکرێت، گیایەکی دەرمانیمان هەیە، گوڵ ڕەنگی نـاوە، زۆرێـک لەعەتارەکـان و دوکانـدارەکان و فرۆشـیارەکان بەزەعـفەران دەیفرۆشـن، هەنـدێکیتر لەبازرگانەکـان و فرۆشـیارەکان، ڕیشـاڵی گەنمەشـامی و ڕیشـاڵی گوێزهینـدی بۆیـاخ دەکەن، بەڕەنگی خۆراکی یـان ڕەنگی کیمیـاوی، ڕەنگی دەکەن و بەزەعفەرانـی ئەسـڵ دەیفرۆشن! بەو جۆرە زەعفەران ساختەو تەزویر دەکەن!

**زەعفەران لەڕووی وەزنەوە ساختەو تەزویر دەکرێت؟**

هەنگـوین یـان خـوێ یـان شــەکر دێـنن و تەڕی دەکەن، دەیـدەن لەزەعفەرانـی عەسـڵی لەڕووی وەزنەوە قـورس دەبێـت و بەم جـۆرە لەڕووی وەزنەوە تەزویـر و سـاختە دەکرێـت و بەپـارەیەکی زۆر دەفرۆشرێت .

**نرخ و کێشی حەقیقی زەعفەرانی ئەسڵ چۆنە؟**

زەعفەرانی ئەسڵ بەیەک مسقاڵ دەفرۆشرێت، هەر مسـقاڵێکیش چوار گـرام و شەسـت و شـەش پـۆینتە، ئەگەر هەر مسـقاڵێک لەو گـرامە کەمتر بوو، ئەوا دەسکاری کراوە، لەڕووی وەزنەوە و ئەگەر کەمیش بوو ئەوا کەم فرۆشی تێدا کراوە.



تێبینـــی// هەمـــوو ئەو جـــۆرە زەعـــفەرانەی لەبازڕەکانی ئێمە هەیە و دەفرۆشـــرێت، مەرج نـیە زەعفەرانـی ئەسـڵ بێـت، زۆر بەی هەرە زۆری زەعفەرانـی تەزویـر و سـاختەیە، کەلە وڵاتانی ترەوە هاوردەی هەرێمی کوردسان دەکرێت، وەک لەو خاڵ و ڕێگایـانەی لەنوسـینەکەدا ئاماژەمـان پێـدا، دەبێـت ئاگـاداربن لەبەکارهێنانی هەم بۆ خواردن، هەم بۆ چارەسەری نەخۆشی و هەم بۆ بازرگانیکردنیش .

**گەندەڵی و ساختەکردنی دەرمانی گیایی و فرۆشتنی لەژێر دروشمی چارەسەری سروشتیدا**

دەرمانی گیایی، میکانیزمی تایبەتی خۆی بۆ چارەسەری نەخۆشی، بگـرە، هەر لەشـێوازی لێکـردنەوە و هەڵگـرتنەوە و وشـکردنەوەی و ئامـادەکردنی گژوگیاکـان دەبـێ بە پێـوەری زانسـتی بێـت، ئەگەر بەشـێوازێکی هەڕەمەکـی بێـت، دڵنیـابن زیـانی زۆر زیـاترە لەسـەر جەستە و تەندروستی بەکارهێنەر، بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لە بواری دەرمانی گیایی کاردەکەن، هەموویان بەڕێگەیەکی زانستی و پزیشکی کار ناکەن، بەڵکو هەیانە لەخۆیەوە گژوگیاکان تێکەڵ دەکات

و ئامادەیان دەکات، جا تێکەڵەی چەند گژوگیایەک بەیەکەوە دەیکاتە قوتوو، یان گیراوەی چەند ئاوتکێک و چەند گژوگیا و شتی تری تێکەڵ بکرێت وەک" هەنگوین و بنیشتە تاڵ و چەندین شتی تر تێکەڵی یەک بکرێت، بەنەشارەزایی و دوور لەبنەمای زانستیی پزیشکی کاریکی مەترسیدارە، تەندروستی نەخۆش و بەکارهێنەر دەکەوێتە مەترسیەوە و کارێکی ناشەرعی و نایاساییشە.

ئەوەی من لێرە باسی دەکەم، مەیدانیەن ئاگاداری بووم و بەسەریداگەیشتووم، لەنزیکەوە ئاگادارم چی دەگوزەرێ، کە بەناوی چارەسەری سروشتی بەدەرمانی گیایی، کارێکی زۆر قێزەون و دوور لەبەهای مرۆڤایەتی و تەندروستی ئەنجام دەدرێت کە بریتییە لە: گۆڕین و لێکردنەوەی مێژووی کۆنی سەر دەرمانی گیایی کاتێ مێژووەکەی نزیک دەبێتەوە، هەندێ لەشوێنەکان فرۆشتنی دەرمانی گیایی، دەست دەکەن بە گۆڕین و لێکردنەوەی مێژووی بەسەرچوونی دەرمانی گیایی لەزگەیەکی نوێی لەسەر دەدەنەوە و مێژووەکەی نوێ دەکەنەوە، ئەوەش کارەساتێکی ترە، چونکە وا حاڵی بوون بەشێکی زۆریان ئەوانەی لە بواری دەرمانی گیایی کاردەکەن دەڵێن گژوگیای پزیشکی بۆ مەبەستی چارەسەر، مێژووی بەسەر ناچێت! بەڵام من دەزانم  ئەوان لەبەر لێژنەکانی تەندروستی و لایەنی پەیوەندیدار بە حکوومەت، مێژووەکەی لێدەکەنەوەو دەیگۆڕن بە



مێــــژووی نـــــوێ. هەمــــــان دەرمـــانی گیـــایی کە چەنـدین ســاڵە لەســـەر ڕەفەی دانـــاوە بــۆ چارەســــەری نەخۆشـــی جـــارێکی تـــر دەیـــدەنەوە بە نەخـــۆش و بەکـــارهێنەر ئەمەش کـــارێکی مەترســـیدار و  نایاســـایی و نازانستی و ناتەندروستە، دەبێت لیژنەکانی تەندروستی هۆشیارتر بن لەشوێنی فرۆشتنی دەرمانی گیایی و شوێنی بەهارات فرۆشەکان.

کارێکی هەروا ئاســــــان نییە، گژوگیای پزیشـــــکی ئامادە بکرێت بۆ چارەســـەری نەخۆشـــی، چونکە یاســـا و ڕێســـای زانســـتی و پزیشـــکی خۆی هەیە بەنموونە" لێکردنەوە و هەڵگرتنەوە و وشککردنەوە، دەبێ بەڕێگەکی زانســـتی بێت لەلایەن کەســـانی شـــارەزا و پســـپۆڕی بواری دەرمانی گیایی، وە ئامادەکردنی گژوگیا پزیشــــکییەکانیش بەهەمان شێوە، دەبێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕ و کەسانی شارەزا بێ، ئەوەی ئێســــــتا هەیە، زیاتر بازرگانی کردنە بەجەســــــتە و ڕۆحی نەخۆش و بەکارهێنەر. گژوگیای پزیشـــکی وەک ئەوەی باســـم کرد ئەگەر بەپێی یاسا و ڕێسای زانستی و پزیشکی لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەکار نەیەت لەجیاتی چارەسەر دەبێتە ژەهر و نەخۆش و بەکارهێنەر دەکوژێت .

## تکایە لەخۆتەوە دەرمانی گیایی مەیکڕە، مەیخۆ، مەیفرۆشە!

خواردنی دەرمانی گیایی بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی، کارێکی هەروا ئاسان نییە، بیکڕیت و بیخۆیت پێویستی بەوەیە، نەخۆش سەردانی پزیشکی پسپۆری دەرمانی گیایی بکات یان کەسانێک کە لە بواری دەرمانی گیایی شارەزان و پسپۆرن دەبێت لای ئەوان چارەسەر بەدەرمانی گیایی بۆ نەخۆشییەکەی وەربگرێت. نەک لە ڕێگەی ڕێکلامی کەسانێکی چاوچنۆک کە بە نەشارەزایی تەنها بۆ پارە پەیداکردن لەدواوەی شاشەی لاپتۆپ و مۆبایل و سۆشیال میدیا داوای دەرمانی گیایی بکەیت بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەت، تکایە هیچ دەرمانێکی گیایی لەخۆتەوە مەکڕە و سەربەخۆ بەبێ ڕاوێژی پزیشکی دەرمانی گیایی و کەسانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی مەیخۆ .

مەترسی گەورە لێرەوە دەستپێدەکات کەدەڵێین: لەخۆتەوە دەرمانی گیایی بەخەڵک مەفرۆشە، واتا کەسانێک هەن کە لە ڕێگەی دوکانی بەهارات فرۆشیەوە هاتوون، شوێنێکیان کردۆتەوە بەناوی چارەسەر بەدەرمانی گیایی، بێ ئەوەی شارەزابن و خول و ڕاهێنانی زانستیان

بەو بوارە کردبێت، لەمیکانیزمی بەکارهێنان و کارکردن لە بواری دەرمانی گیاییدا ناشارەزان، وادەزانن دەرمانی گیایی وەک فرۆشتنی بەهارات وایە، بۆ تام و بۆن خۆشکردنی خواردن و چێشت لێنانە! نەخێر بەکارهێنان و فرۆشتنی دەرمانی گیایی بەنەخۆش و بەخەڵک بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە، چونکە دەرمانی گیایی کار لەسەر ئەندامەکانی جەستە دەکات، و ئەگەر بە نەشارەزایی دەرمانی گیایی بدرێت نەخۆش بەدڵنیاییەوە زیانێکی زۆر گەورەی دەبێت یان ئەندامێکی جەستەی لەدەست دەدات یا دەبێتە هۆی ژەهراوی بوون و گیان لەدەستدانی نەخۆش


.

# بەنەشارەزایی بەکارهێنانی گژوگیای پزیشکی بۆ چارەسەری نەخۆشی، لە مادده هۆشبەرەکان مەترسیدارترە بۆ تەندروستی مرۆڤ!

ڕووەکەکان یان درەختەکان یان گژوگیاکان: بوونەوەرێکی زیندوون، چەندین شێوە و قەبارەیان هەیە، لە ڕووەکە سەرخەسیەکانەوە کە قەبارەیان بچوکە تاکو دەگات بە درەختە گەورە بەرزەکان.
زۆربەی ڕووەکەکان لەسەر ڕووی زەوی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ماددەی ژەهراویان تیایە کە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بەکاری ئەهێنن، بەڵام کاریگەری ئەم مادده ژەهراویانە لە ڕووەکێکەوە بۆ ڕووەکێکیتر جیاوازە، هەندێکیان بێهۆشکەرو هەندێکی تریان کوژەرن.

## ئایا زانیوتە کە تۆوی سێو و گێلاس و قۆخ بڕێک ژەهریان تیادایە؟

ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر بخورێن مەترسیان هەیە لەسەر تەندروستی.
زۆر ڕووەکی ژەهراوی مەترسیدار لە باخەکانماندا هەیەو ڕەنگە هەستمان پێ نەکردبێت و شارەزاییمان نەبێ، بۆیە گرنگە زانیاری دەربارەیان بزانین و ئاگاداریان بین.

بەکارهێنانی هەر گژوگیایەکی پزیشکی بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی، ئەگەر زانیاری و شارەزایی باشت نەبێت و خول و ڕاهێنانی زانستی لە بواری میکانیزمی بەکارهێنانی گژوگیای پزیشکییەکان نەبینیبێت و بەشێوەیەکی زانستی و تەندروست ئامادە نەکرێت، بەدڵنیایی دەبێتە ژەهر و ئەگەری هەیە تەندروستی نەخۆش و بەکارهێنەر تێکبچێت و بیکوژێت، یان ببێتە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن تا کۆتا تەمەنی پێوەی بناڵێنێ .

نزیکەی ٨٥ جۆر ڕووەکی ژەهراوی هەیە کە زۆربەیان بە شێوەی سروشتی دەڕوێن و لە عێراق و کوردستان بونیان هەیە.
ئەوەی ئێستا ئێمە دەیزانین و ئاگادارین خەڵکێکی زۆر لە بواری دەرمانی گیایی کاردەکەن، هیچ زانیاری و شارەزاییەکی زانستی و پزیشکیان نیە لەسەر گژوگیا پزیشکییەکان بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی، زۆر جار نەخۆش چووە بۆلایان، دەرمانی گیاییان پێداوە و نەخۆش و بەکارهێنەری دەرمانە گیاییەکە تووشی حاڵەتێکی نەخوازراو بووە وەک: پلەی گەرمی لەشی بەرزبۆتەوە، لێدانی دڵی زیادی کردووە، فشاری خوێنی بەرزکردۆتەوە، هێڵنجی هاتووە و ڕشاوەتەوە، سەری گێژبووە، بێهێز بووە، تووشی سک ئێشە بووە، ڕیخۆڵەکانی تەمبەڵ بووە، قەبز بووە، خوێنی کەمی کردوە، شەکرەی

بەرزکـردۆتەوە، نەزۆک بـووە، ئیشـتیهای خـواردنی نەمـاوە، خـوێنی خەسـت بـۆتەوە، جەسـتەی دەلەرزێـت و پەسـتانی خـوێنی زۆر نـزم کردۆتەوە ....هتد

بەتــایبەتی ئەو دەرمــانە کیمیاویــانەی بەنــاوی دەرمــانی گیــایی و چارەسەری سروشتی دەیفرۆشن بە ئۆنلاین، وەک: دەرمانی قەڵەوی دەم و چاو و جەستە بەگشتی، قەلەوکردنی لێوەکان، گەورەکردن و بچوکردنەوەی سینگ، مەمک، و سمت و ڕان، بچوکردنەوەی زاوزێی مێینە و گەورەکردنی زەکەری پیاو !
فرۆشتنی هەر جۆرە دەرمانێکی کیمیاوی بەناوی دەرمانی گیایی و سروشتی، لەلایەن پەیجی ئۆنلاین و بەهارات فرۆشـەکان یان لای ئەو کەسانەی ناشارەزان لەشێوازی میکانیزمی بەکارهێنانی گژوگیای پزیشـکی و دەیفرۆشـن بەنەخـۆش و خەڵکی بەکارهێنەر، ئەو جـۆر دەرمانە گیایی و کیمیاویانە ژەهرن و نەخۆش و بەکارهێنەر دەکوژن.

# چارەسەر بە دەرمانی گیایی و تێکەڵکردنی بەسیحرو جادوو و نوشتە!

بەکارهێنـانی دەرمـانی گیـایی بـۆ چارەســەری نەخۆشـی میکـانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە، دەبێت بەڕێگەیەکی تەندروست ئامادەبکرێت، وە پزیشکی پسپۆری بواری دەرمانی گیایی و کەسانی شارەزا و خـاوەن ئەزمــوون لەو بــوارەدا کــاری تێـدا بـکەن و بیـدەن بە نەخـۆش و بەکـارهێنەر، گژوگیا پزیشـکییەکان هەر یەکە پێکهاتەی تـایبەتی خـۆی هەیە و بـۆ مەبەسـتی چارەســەری نەخۆشـییەک سـوودیان لێـوەر دەگیرێت.

کەچـی لەم ڕۆژگـارەدا، خەڵکانێـک بـۆ بـازاڕ گەرم کـردن و پـارە کـۆکردنەوە بەنـاوی چارەسـەری سروشـتی بە دەرمـانی گیـایی وە لەپاڵیدا کار دەکەن، بە سیحرو جادوو و نوشتە، دەگوترێت بۆ ئەوەی دەرمانەکەیان کـاریگەری لەسـەر نەخۆش و بەکارهێنەر هەبێت دێن تەلیسم و سیحرو جـادوو و نوشـتە، تێکەڵ بەدەرمـانی گیـایی دەکەن، بۆ ئەوەی سەرنجی نەخۆش زیاتر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بچنەوە لایان.

ساحیر و جادووگەران، لەڕێی چارەسەری سروشتی بەدەرمانی گیایی زیاتر ڕێگەیان بۆ خۆش بووە، بۆ ئەوەی بتوانن، بەئاسانی تەلیسم و سیحرو جادوو نوشتە، تێکەڵ بکەن بەچارەسەر بەدەرمانی گیایی، بەتایبەت بەکەپسولی گیایی، تێکەڵە و هاڕاوەی گیایی، گیراوەی گیایی، یان وەک ئاوتکی گیایی، یا وەک چا گژوگیاییەکە ئامادەکراوە و تەلیسم و هانا و هاوار بۆ جنۆکە و شەیتانەکان براوە، لەسەری بۆ ئەوەی سیحرو جادوو نوشتە، کاریگەری بکات لەسەر نەخۆش و بەکارهێنەر.

دەرمانی گیایی، سوود و کاریگەری زۆر باشی هەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی، بەڵام دەبێت پزیشکی پسپۆری بواری دەرمانی گیایی و کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی چارەسەری نەخۆش و بەکارهێنەر بکەن، هەر گژوگیایەکی پزیشکی بەڕێگەی پێکهاتەی زانستی خۆی کاردەکات لەسەر جەستەی مرۆڤ، بۆیە دەبێ وریابین لەبەکارهێنانی میکانیزمی کارکردنی گژوگیای پزیشکی بۆ تەندروستی مرۆڤ.

ئامۆژگاریم بۆ خەڵکی بەگشتی ئەوەیە: هەندێک لە خەڵکی، لەژێر ناوی مامۆستا و مەلا و سەید و شێخ و پیاوچاک، کاری سیحرو جادوو نوشتە و دوعا و تەلسیم دەکەن، لەپەنایدا ناوی خوا و قورئان و فەرموودە و ڕوقیەی شەرعی دەهێنن، کەچی لەڕاستیدا ساحیرو

جادوگەرن، تەنها بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی نەشارەزا لەدین بانگەشەی سیحرو جادوو و نوشتە دەکەن، بۆیە وریابن لەخۆتانەوە مەڕۆنە لایان و پرسیار بکەن، دڵنیابن نەکەونە داویانەوە.

تێبینی// ڕێزی تایبەتم هەیە بۆ مامۆستا و مەلا و شێخ و سەید و پیاو چاکی ئەهلی عیلم، کە لەخوا دەترسن و خواناسی ڕاستەقینەن، وە چارەسەری خەڵک دەکەن بە ڕوقیەی شەرعی، بەشارەزایی و زانایی. هەیانە شارەزایە و پسپۆڕە لە بواری دەرمانی گیایی و چارەسەری نەخۆش دەکەن بەڕوقیەیی شەرعی و دەرمانی گیایی، هەم بەڕێگەیەکی شەرعی و زانستی و تەندروستی.



## ئایا بەکارهێنانی دەرمانی گیایی تەندروست و سەلامەتە بۆ چارەسەری  منداڵان؟

لیـژنەی پزیشـکی ڕووەکـی یەکێتـی ئەورووپـا، هۆشـداری دەدات و دەڵێـت: منـداڵان دەتـوانن چـای ڕووەکـی بخـۆنەوە بەڵام لە تەمەنـی دوازدە ساڵیەوە.

لە هەنـدێک وڵاتـدا، لەکوردسـتانی خۆشـمان بـۆتە نەریتێـک، دایکان و باوکان هەندیک جار لە تەمەنی چوار ساڵییەوە چا بە منداڵەکانیان دەدەن، بەتـایبەتی چـای گژوگیـا پزیشـکییەکان، بەڵام لێـژنەی تەندروسـتی یەکێتـی ئەورووپـا دەڵێـت: واباشـتر و سـەلامەتتر و تەندروسـتترە، لە تەمەنـی دوازدە سـاڵیەوە ڕووەکـی گیـایی وەک چـا ئامـادە بکرێـت و بـدرێت بە منـداڵ، بەڵام دەبـێ بەشـارەزایی و بەڕاوێژکردن بە پزیشکی پسپۆری دەرمانی گیایی و کەسانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی بەکاربێت، ئینجا بۆ چارەسەری بێت یان بۆ خواردنەویەکی ئاسایی .

یەکێتی ئەوروپا پشکنینی سەلامەتی دەرمانی گیایی بۆ منداڵان دەکات، ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە ئەوەیان دەرخست کە ئەو خۆراکانەی لەسەر بنەمای ڕووەکی چارەسەری پێدەکرێت و لەلایەن خێزانەکانەوە بەدەست دەهێنرێن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مانای ئەوە نییە کە سەلامەتن بۆ منداڵان، بەڵکو لێرەدا فێر دەبین دەربارەی ئەوەی کە دایک و باوک دەبێت گرنگی پێبدات بۆ سەلامەتی و تەندروستی منداڵەکانیان.

دەرمانی ڕووەکی لەماڵەوە لە سروشتەوە دێت و لەسەر پێکهاتەکانی درەخت و دەوەن و ڕەگ و گەڵا و گوڵ دامەزراوە. دەرمانە ڕووەکییەکان بەگشتی لەلایەن جەستەی مرۆڤەوە بە باشی قبوڵ دەکرێن و کاریگەرییە لاوەکییەکانیان کەمن. بەڵام نابێت دایک و باوک، لەخۆیانەوە وەک چارەسەری ڕووەکی پزیشکی بیدەن بەمنداڵەکانیان، دەبێ، لەپێشدا سەردانی پزیشکی منداڵان بکەن، پشکنینیان بۆ بکرێت بۆ دیاری کردنی جۆری نەخۆشییەکەی، ئینجا دەبێت، سەردانی پزیشکی پسپۆری دەرمانی گیایی بکەن، یان سەردانی کەسانی شارەزا بکەن لە بواری دەرمانی گیایی، ئەگەر کەسانێک بەنەشارەزایی و بەکاری بێنن بۆ منداڵەکانیان بەدڵنیایەوە زیانی زۆر دەبێ و تەندروستی منداڵەکە دەکەوێتە مەترسیەوە. بۆیە

خۆتـان بەدوور بگرن، لەعەتـارو بەهـارات فرۆشـەکان، یـان کەسـانێک کەوا ناشارەزان و لێی نازانن.

بۆ نموونە زۆر جار دایکان و باوکان دەرمانی گیایی داوا دەکەن، لە ڕێگەی سۆشیال میدیا، یان لە عەتـار و بەهـارات فرۆشـەکان دەیکڕن، بەبێ بیرکردنەوە، ئایا سەلامەتە لە ڕێگەی سۆشیال میدیا بیکڕن؟ یان لەعەتارەکـان و بەهـارات فرۆشـەکان بیکـڕن؟ یـان کەسـانێک تـازە دەستیان بەو کارەکردوە، بەتەواوەتی لێی ناشـارەزان و لێی نـازانن؟ دەبـێ هۆشـیار بـن و ئاگـادارбن ئەوەی دەیکـڕن دەرمـانە و بـۆ چارەسـەری منـداڵ بەکـاری دێـنن، وا حـاڵی نەبـن بڵێیـت ڕووەکـی پزیشکی سروشتیە و زیـانی نابێت، دڵنیـابە بەنەشـارەزایی بەکـاری بێنن و لەعەتـارو بەهـارات فرۆشـەکان داوای بکەن یـان لەکەسـانێک بیکـڕن شـارەزای بـواری چارەسـەر بە دەرمـانی گیـایی نەبێـت یـان لەخۆتـانەوە بە نەشـارەزایی بەکـاری بێـنن، دڵنیـابن ژیـانی منـداڵ دەکەوێـتە مەترسـیەوە، بـۆیە دەبێـت بچـنە لای پزیشـکی پسـپۆر و کەسانی شارەزا لە بواری دەرمـانی گیایی، ئینجا بەڕاوێژو ڕێنمـایی پزیشکی پسپۆر وکەسانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی بەکاری بێنن، نەوەک بکەونە ژێر کاریگەری ڕێکلامی سۆشیال میدیا و تیڤی و ڕاگەیانـدنەکان. خۆتـان بەدوور بگـرن لەڕێکلامـی سۆشـیال میـدیا و

ڕاگەیانــدن بەهەمــوو جۆرەکــانیەوە، داوا دەرمــانی گیــایی مەکەن لەڕیگەی ڕێکلام.
دیراسە و لێکۆڵینەوەیەک کراوە لەسەر زیاتر لە ٤٠٠ دایک و باوک ئەنجامدراوە، لە ئەڵمانیا لەسەر ئەوەی ئایا دەرمانی ڕووەکی بە منداڵەکانیان بدەن یاخود نا، لە ئەنجامدا ٨٥٪ی منداڵان چارەسەر بە ڕووەکی پزیشکیان وەرگرتووە.
بە پێی هەڵسەنگاندنی لیژنەی بەرهەمە دەرمانییەکانی ڕووەکی یەکێتی ئەوروپا (HMBC) ، بەکارهێنانی بێ جیاوازی دەرمانی ڕووەکی لەلایەن منداڵانەوە لەوانەیە مەترسیدار بێت، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیاوە ڕێگەی پێدراوە، و بەپێی ڕاپۆرتەکە هیچ ڕووەکێکی پزیشکی گونجاو نییە بۆ منداڵانی هەموو تەمەنەکان.
لیژنەکە پێشنیاری ئەوە ناکات کە بەچا بە منداڵانی خوار تەمەن چوار ساڵ بدرێت، لە کاتێکدا دەڵێت منداڵان دەتوانن چا بخۆنەوە بەڵام لە تەمەنی ١٢ ساڵیەوە.

لیژنەی تەندروستی یەکێتی ئەوروپا ڕەخنە لەو دایک و باوکانە دەگرێت کە دەرمانی ڕووەکی بە منداڵەکانیان دەدەن، ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەم ڕووەکی پزیشکییە دەکات کە دەکرێت ببێتە هۆی هەستیاری و لەوانەیە سیستەمی بەرگری منداڵان زۆر بێ هێز بکات

یان بەهێز بکات تا ئەو ئاستەی دەرمانەکانی دیکە کاریگەری لەسەر منداڵەکانیان لەدەست دەدەن.

هەروەها هۆشداری زیاتر دەدات لەوەی کە منداڵانی خوار تەمەن ١٢ ساڵ ڕووەکی پزیشکی وەک دەرمان بەکاربێت بۆیان، دەڵێت دەبێ دایکان و باوکان پزیشکی منداڵان ئاگادار بکەنەوە دەربارەی جۆری ڕووەکە پزیشیکیەکە بەتایبەت پزیشکی پسپۆری دەرمانی گیایی و کەسانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی، تا بەشێوازێکی تەندروست و سەلامەت بەچاودێری و ڕێنمایی ئەوان چارەسەر لە ماڵەوە بە منداڵەکانیان بدەن و داوایان لێبکەن زانیاری تەواویان پێ بدەن دەربارەی ئەوەی ئایا گونجاوە ئەو ڕووەکە پزیشکیە، یان ئەو دەرمانە گیاییە بۆ منداڵەکانیان، چۆن بەچ شێوازێک تەندروست و سەلامەتە.

## زۆر جار چارەسەر بەگژوگیایی پزیشکی زیانی گەورەی دەبێت بۆ کۆئەندامی هەرس

کڕین و فرۆشتنی دەرمانی گیایی و چارەسەر بەگژوگیای پزیشکی و بەکارهێنانی بەشێوازێکی هەڕەمەکی لەلایەن بەهارات فرۆشەکان و عەتارەکان و کەسانی نەشارەزا لە بواری دەرمانی گیایی، بەدڵنیایی زیانی گەورەی دەبێت لەسەر تەندروستی بەکارهێنەر.

بەشـێکی زۆر لەو کەسـانەی بەهـۆی ڕێکلامـی سۆشـیال میـدیا و ڕاگەیانـدنەوە سـەرنجی خەڵکیـان ڕاکێشـاوە بەلای خۆیانـدا، بەنـاوی دەرمانی گیایی و سروشتی، چونکە خەڵکی لەئێستادا زیاتر پشـتی پێ دەبەسـتن وەک جێگـرەوەیەک و تەواوکـارییەک لەگەڵ دەرمـانە کیمیاوییەکانیـان، بـۆیە هەنـدێکیان لەوانەیە کـاریگەری لاوەکـی گەورەیان هەبێت لەسەر تەندروستی بەکارهێنەر.

دەرمـانی گیـاییش هەروەک دەرمـانە کیمیاوییەکـان هەنـدێک نیشـانەو زیـانی تەندروسـتی هەیە، بـۆیە زۆر بەکارهێنـانی ڕووەکـی پزیشـکی هەمـان زیـانی هەیە و دەتوانێـت مەترسـی بـۆ تەندروسـتی مـرۆڤ دروست بکات بەتایبەتی تەندروستی کۆئەندامی هەرس.

هەرچەندە پزیشکەکان ئامۆژگاری نەخۆشـەکانیان دەکەن کە هەندێک ڕووەکی پزیشکی بخۆن بۆ کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە تووشـی دەبـن، بەڵام لە هەمـان کاتـدا هۆشـداری دەدەن لەوەی کە ئەگەر ئەو ڕووەکـانە زیـاد لە پێویسـت بخـۆن بەهـۆی ئەو زیانـانەی کەهەیـانە کـاریگەری زۆر خراپـی دەبێـت لەسـەر گەدە و قۆڵـۆن، بـۆیە ئەگەر نەخۆشێک دەرمانی کیمایی و گیایی بەکاربهێنێت لەیەک کاتدا دەبێت ڕاوێـژ بەپزیشـکی پسـپۆری نەخۆشـییەکەی بکـات، وە بەڕێنمـایی و

ئامۆژگاری پزیشکی پسپۆری دەرمانی گیایی و کەسانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی و گژوگیای پزیشکی بەکاربێنێت. نابێ لەخۆیەوە بیخوات بۆ مەبەستی چارەسەر ئەگەرنا زیانی گەورەی دەبێت بۆ تەندروستی .



# زیانەکانی گژوگیای پزیشکی بۆ تەندروستی، بەتایبەت گەدە و قۆڵۆن:

دکتـۆر محمـد خەیـر عـاجە ڕاوێژکـاری پزیشـکی گەدە و قۆڵـۆن لە نەخۆشـخانەی میدکەر لە دوبەی، ئامـاژەی بەوەداوە کە بەکارهێنـانی ڕووەکـی پزیشـکی لە مـاوەی ڕابـردوودا بەربـڵاو و سەرسـوڕهێنەر بووە، بەهۆی زیادبوونی متمانەی خەڵک بە گرنگی و سـودەکانی ئەم ڕووەکە پزیشکییانە و هەروەها بەهۆی ئاسانی بەدەست گەیشتنیان و نرخـی هەرزان بە بەراورد بە نرخـی هەنـدێک دەرمـانی نەریتـی و دروستکراو، بـۆیە ناکرێت و ناگونجێت نەخـۆش لەخـۆیەوە ڕووەکی پزیشکی بەکاربهێنێت یان هەرزان دەستی بکەوێت و بیخـوات، دەبێت لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆری دەرمانی گیایی بەکاری بهێنێت یان کەسـانی شـارەزا و لێزان لە بـواری دەرمـانی گیـایی، نەک لە ڕێگەی ڕێکـلام و کەسـانی نەشـارەزا بیکـڕن و بیخـۆن، چـونکە میکـانیزمی بەکارهێنانی دەرمانی گیایی ڕێسا و ڕێنمایی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ مەبەسـتی چارەسـەری هەر نەخۆشـییەک، بـۆیە زۆر جـار نەخـۆش

هەبووە تووشی نەخۆشییەکی درێژخایەنی گەدە و قۆلۆن بووە تا گەیشتووە بە شێرپەنجەی گەدە یان قۆلۆن.

بۆیە بەکارهێنانی ڕووەکی پزیشکی لە حاڵەتی دەرماندا، سوودی زۆر باشی هەیە، بەڵام لە زیان و کاریگەری لاوەکی ئازاد نین، چونکە لەوانەیە ئەو گژوگیایانە لەو ناوچانەدا چاندرابن و بەرهەم هێنرابن کە بە کانزای قورس و ژەهراوی پیسبوون وەک زەرنیخ و قورقوشم و جیوە، بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی درێژ لەوانەیە ببێتە هۆی نیشتنەوەی ئەم کانزایانە لە لەشی بەکارهێنەر و نەخۆش، وە ببێتە هۆی ڕوودانی ژەهراویبوون و زیانێکی بەرچاو بۆ گەدە و قۆلۆن و سیستەمی بەرگری لەش، زەرەزو زیانی گەورەی دەبێت بۆ سەر تەندروستی نەخۆش .

دکتۆر محمد خەیر عاجە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە دەڵێت: ئەم ڕووەکە پزیشکییانە لەوانەیە شوێن پێی دژە مێرووەکانیان تێدابێت، کە کاریگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات، زۆر زیانبەخشن بۆ جگەر و گورچیلە، بۆیە هەندێ جار ڕووەکی پزیشکی پێکهاتەکەی ژەهراوی دەبێت، بەهۆی نەگونجانی ئەم ڕووەکانە لەوانەیە ڕێگە بە گەشەکردنی میکرۆب و مشەخۆر و لیچەن بدان کە لەوانەیە ببێتە

هۆی چەندین نەخۆشی وەک نەزیفی کۆئەندامی هەرس، هەوکردن بە بەکتریا و مشەخۆرەکان .

سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە ڕووەکی پزیشکی بەشێوازێکی زانستی لێنەکرابێتەوە، هەڵگرتنەوە و ئامادەکردنی ناتەندروست بووبێت وە ماددەی ڕەنگاوڕەنگی تێدابێت بە مەبەستی فێڵکردن، کە لەوانەیە ببێتە هۆی خوران و هەستیاری پێست وەک حەساسیە و نەزیفی و هەوکردنی گەدە و ڕیخۆڵەکان، ئەم ماددانە لەوانەیە ببنە هۆی سەرهەڵدانی شێرپەنجە، بە بەپێی وتەی دکتۆر  محمد عاجە.
بۆیە ڕووەکی پزیشکی ئەگەر لێکردنەوە و هەڵگرتن و ئامادەکردنی بەشێوازێکی زانستی و پزیشکی و تەندروست نەبێت، بەدڵنیایی وەک بۆمبێک زیانی گەورەی دەبێت، بۆ سەر تەندروستی نەخۆش و بەکارهێنەر، هەندێ جاریش بەکارهێنانی دەرمانی کیمیاوی و هەندێک تێکەڵەی گژوگیا و گیراوەی گیایی، لەیەک کاتدا کاریگەری زۆر خراپی دەبێت، بۆیە بەکارهێنانی دەرمانی کیمیاوی و ئەم تێکەڵانە، بەتایبەت بۆ مەبەستی دابەزاندنی کێش،  بەکارهێنانی لاکسیدی ڕووەکی بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ دابەزاندنی کێش دەبێتە هۆی نەزیف بوون و هەوکردنی پەردەی گەدە و ڕیخۆڵەکان.

بە کورتی، ئەم ڕووەکە پزیشکییانە بەسود و کاریگەرن، ئەگەر لەژێر چاودێری پسپۆڕاندا بەکاربهێنرێن، چونکە پێویستە ئەم ڕووەکە پزیشکییانە کاتی ژەمەکانی دیاری بکرێت بەگوێرەی بارودۆخی نەخۆشییەکە، وەکاتی بەکارهێنانی دەرمانە کیمیاویەکانیش دیاربێت بە مەرجێک چاودێری سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ڕێگاکانی هەڵگرتن و لێکردنەوە و ئامادەکردنی بن.



# زەرەرو زیانەکانی خواردنەوەی قاوە بۆ دابەزاندنی کێش

## قاوە چیە؟

قــاوە: خــواردنەوەیەکی دەمکــراوە کە لە دانەی قــاوەی برژێنــراو دروســتدەکرێت، کە دەنکــی بەری جــۆری تــایبەتی کۆفیــان. کاتێــک بەرەکـانی قـاوە لە ڕەنگـی سـەوزەوە دەگـۆڕێن بـۆ سـوورێکی تـۆخ – کاتێـک دەگەیێـت – دەدووریێـنەوە، پاکـدەکرێنەوە، و وشـکدەکرێنەوە. دەنکە وشککراوەکانی قاوە بە پلەی جیاواز دەبرژێنرێن، بەپێی تـامی خــوازراو. دانە برژاوەکــان دەهــاڕدرێن و دەم دەکــرێن بە ئــاوێکی کوڵهـاتوو بـۆ دروسـتکردنی خـواردنەوەی قـاوە. قـاوە تـاریکە، تـاڵە، کەمێک ترشاوییە و کاریگەریی وریاکەرەوەی هەیە لەسەر مرۆڤەکان، بەهۆی کافاینەکەی کە تێیدایە. یەکێک لە بەناوبانگترین خواردنەوەکانە لە جیهانــدا، و دەتوانرێــت بە چەنــدان شــێواز ئامادەبکرێــت (وەک ئێسپرێسـۆ، پرێسـی فەرەنسـی، کـافێ لاتـێ، یـان قـاوەی قوتـووکراوی دەمکـــراو). بە زۆری بە گەرمـــی ئامادەدەکرێـــت، بەڵام قـــاوەی ســاردبووەوە و ســەهۆڵاویش دەکرێـت. شــەکر، جێگـرەوەی شــەکر، شیر، یان کرێم زۆرجار بەکاردێن بۆ کەمکردنەوەی تامە تاڵەکەی.

## ئایا قاوە، چا، شەربەت یان هەر دەرمان و گژوگیایەکی سروشتی... تەندروستە بخورێت و بەکاربێت بۆ دابەزاندنی کێش؟

لەڕووی زانســـــتیەوە، ئەو جـــــۆرە دەرمــــــانە سروشـــــتی و دەروستکراوانەی هەیە ئینجا کیمیاوی و گیایی بێت، قاوە بێت، چابێت، شەربەت بێت، هەر جۆرە ماددەیەک بێت یان دەرمانێکی گیایی بێت، بەدڵنیـــایی بەدەرنیـــیە لە زیـــانە تەندروســـتییەکانی، تەنـــانەت هەر دەرمانێـک کە لەڕووی زانستیشــەوە تــاقیکردنەوەی لەســەرکرابێت، بەنموونە لەلایەن ڕێکخراوی (FDA) ئەمریکی ڕێگە پێدراوبێت لایەنی خراپـــی هەر هەیە و بەدەرنیـــیە لە زیـــانی تەندروســـتی، جـــا ئەگەر دەرمانێـک بێـتن و تـاقیکردنەوەی لەســەر نەکرابێـت و بە فلتەرێکـی زانستی تێنەپەڕی بێت، بەدڵنیایەوە کێشە و گرفت و زیـانی زۆر زیـاتری هەیە لەو دەرمـان و مـاددە ئامـادەکراوانەی کەبە فلـتەری زانستی تێپەڕی بن، کەواتە هەر جۆرە دەرمان و ماددەیەکی کیمیاوی و گیـایی، ئینجا تـێکەڵ بێت بە هەردوو مـاددەی کیمیـاوی و گیـایی، کەپسول، هـاڕاوە، ئاوتـک، چـا، شـەربەت، قـاوە بەهەر جۆرێک بێت.



زیـــــــانی هەیە بـــــــۆ تەندروسـتی بەکـارهێنەر، بـۆیە دەبێت هۆشـیاربیت، لەخۆتەوە هیچ دەرمـانێکی کیمیـاوی و گیـایی، یـان هەر جـــۆرە مــــاددەیەکی ئامـادەکراوی وەک: قـاوە، چا، گژوگیا، ئاوتک، هاڕاو بە کەپسول یان بەخواردنەوەیەکی ئاسـایی، لەخـۆتەوە هـیچ مـاددەیەکی کیمیـاوی و گیـایی مەکـڕە و مەخـۆ و مەفرۆشە، چونکە دەبێت لەلایەن پزیشـکی پسپۆر و کەسانی شـارەزا و پسپۆر ڕێنمایی و ئامۆژگاری لەبارەیەوە بدەن کەچۆن بەکاردێت و کاردەکات لەسەر جەستە .

لەهەمووی سەیرتر و کارەساتتر ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە: لەشـوێنی جوانکاری پیاوان و خانمـان خـاوەنەکەی هـاتووە بە ڤیدیۆ ڕێکـلام و پڕپاگەندە دەکات تەنها بۆ پارە پەیداکردن و بازرگـانیکردن، کەوتۆتە بڵاوکـردنەوەی ڕێکلامـی قـاوەی دابەزانـدنی کـێش بەگرەنتـی! هـیچ دەرمـانێکی کیمیـاوی و دەرمـانی گیـایی هەر جـۆرە مـاددەیەک بێت گرەنتی لەگەڵ نییە و دوورە لە هەمـوو بنەمـایەکی زانستیی پزیشـکی، بۆیە چیتر بەڕێکلام و پڕوپاگەندەی سۆشیال میدیا هەڵمەخەڵەتێن .

# زیانەکانی زۆر خواردنەوەی قاوە بۆ دابەزاندنی کێش:

یەکەم: ئازاری سنگ دروست دەکات.

دووەم: پلەی گەرمی جەستە بەرز دەکاتەوە.

سێیەم: لێدانی دڵ نارێک دەکات.

چوارەم: جەستە تووشی وشکبوونەوە دەکات.

پێنجەم: گرفت لە هەناسەدان دروست دەکات، وەک هەناسەتەنگی.

شەشەم: هۆکارە بۆ لەدەستدانی کۆنترۆڵی جوڵەی ماسولکەکان.

حەوتەم: قەلەقی، دوو دڵی زیاد دەکات.

هەشتەم: دەبێتە ژەهر لە ناو لەشداو کۆئەندامی دەمار دەهەژێنێت.

نۆیەم: دەبێتە هۆی میزە چرکە.

دەیەم: دەست لەرزین زیاد دەکات، کاریگەری خراپی لەسەر جگەر و گورچیلە دەبێت.

**تێبینی//** خواردنەوەی زیاتر چوار کوپ لە قاوە لە ڕۆژێکدا کاریگەری لاوەکــی دەبێــت وەک سەرئێشـــە، کەم-خەوی، نــاڕێکی لێــدانی دڵ، قەلەقی و کەم خوێنی و کەمی ماددەی ئاسن لەجەستەدا .

**پێویستە چەند قاوە بخورێتەوە؟**

بـۆ کەسـێکی تەندروسـت ڕۆژانە خـواردنەوەی ٤٠٠ ملیگـرام کافـایین ئاسـاییە، بەڵام بـۆ منـداڵان زیـانی هەیە و پێویسـتە نەیخـۆنەوە، ئەو کەسـانەی نەخۆشـییان هەیە یـان کێشـی جەسـتەییان زۆرە پێویسـتە کەمتــر لەم بــڕە بخــۆنەوە، خانمــانی دوگیــان ڕۆژانە دەتــوانن ٢٠٠ ملیگرام بخۆنەوە، بەڵام لەمە زیاتر گرفتی تەندروستی دروستدەکات. کەواتە ئـافرەتی دووگیـان نابێت قـاوە زۆر بخـواتەوە، چـونکە بەهـۆی بوونی کافین زیان بە کۆرپەکە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی لەبارچوون. هەبـوونی ڕێژەیەکـی زۆری کافـاین و زۆر میزکـردن، لەش شـلـەیەکی زۆر لەو ڕێـگەوە لەدەسـت دەدات و ئەگەری تووشـبوونیان بە وشـک هەڵاتـن زیـاتر دەبێـت، بەتـایبەتی کـاریگەری لەسـەر پێسـت بە دیـار دەکەوێت. خواردنەوەی قاوە بۆ تەمەنی هەرزەکار تەندروست نییە و وا باشە دووربن لە خواردنەوەی.

**ئەگەر قاوە دەخۆیتەوە ئەم ڕێنمایانە جێ بەجێ بکە:**

یەکەم/ بەردەوام شلەمەنی بخۆرەوە بۆ ئەوەی جەستەت بەشێداری بمێنێتەوە.

دووەم/ وەرزش بکە یان چەند خولەکێک بۆ بەپێ رۆیشتن تەرخان بکە.

سێیەم/ ڕۆژانە یەک کوپ کەمبکەرەوە، تا ئەو ڕاددەیەی ڕۆژانە دوو کوپ زیاتر نەخۆیتەوە.

چوارەم/ لەناکاو دەستبەرداری مەبە، چونکە زیانی هەیە، باشترە وردە وردە کەمی بکەیتەوە.

پێنجەم/ ئەو خۆراکانە بخۆ کە دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵ، وەکو سەوزەوات، پاقلەمەنییەکان،چەرەزات.



## تێکەڵکردنی بابەتی جوانکاری کیمیاویی لەگەڵ بابەت و بەرهەمی دەرمانی گیایی و سروشتی کارێکی نایاسایی و ناتەندروستە!

ئەوەی ئێستا لەبازاڕەکانی کوردستان دەگوزەرێت زۆر کاری لەسەر دەکرێت، بابەتی جوانکاری و دەرمانی گیایی و سروشتی، بەڵام لەهەمووی خراپتر و مەترسیدارتر ئەوەیە" بابەتی جوانکاری و بابەتی دەرمانی گیایی و سروشتی لەدوکانێکدا تێکەڵ بکرێت و بیفرۆشێت، ئەو تێکەڵکردنە بەیەکەوە کارێکی نایاسایی و ناتەندروست و مەترسیدارە، بۆچی؟ چونکە بابەت و پێداویستی جوانکاری پیاوان و خانمان زۆربەی بابەتەکان و پێداویستیەکانی کیمیاوین دەبێت بەشارەزایی و لێزانی کاریان لەسەر بکرێت و بفرۆشرێن و ئاگاداری چۆنیەتی میکانیزمی بەکارهێنانی بابەت و پێداویستەکانی جوانکاری بن، جاری وایە بابەتێک پێکهاتووە لە" تێکەڵەیەک لەکیمیاویی و گیایی سروشتی، ئەو جۆرە بابەت و پێداویستیانە، دەبێ ئەو کەسەی دوکانی هەیە و دەیفرۆشێت بزانێ چییە؟ و چۆن بەکاردێت؟ بۆچی بەکاردێت؟

هەر جـۆرە بابەتێـک و پێداویسـتیەکی جوانکـاری پیـاوان و خانمـان ئەگەر کیمیـاویی یـان گیـایی و سروشـتی بێـت، ئەگەر میکـانیزمی شـێوازی بەکارهێنـانی بەڕێگەیەکـی زانسـتی و تەندروسـتی نەبـێ، بەدڵنیایی زیانی گەورەی دەبێت لەسەر جەستەی بەکارهێنەر، چونکە بـابەتی جوانکاری پێکهـاتووە لە" شـامپۆ، سـابوون، کرێم، جێڵ، نیڤیا، بۆیاغ هتد...

هەر یەکە کـاتی دیـاریکراوی هەیە کەچـۆن بەکاردێـت؟ چەنـد بەجەستەوە بمێنیتەوە؟ چۆن پاک بکرێتەوە؟ دەپرسین ئایا ئەو کرێم و شامپۆ و سابوون و جێڵ و نیڤیا و یان هەر بابەت و پێداویستیەکی تری جوانکاری جا کیمیاویی یان گیایی و سروشتی بێت تا چەند زانسـتی و تەندروسـتە هەمـوو کەسـێک کـاری لەسـەر بکـات و بیفرۆشـن؟ بێگومـان گونجـاو و تەندروسـت نیـیە هەمـوو کەسـێک بیفرۆشـت و کـاری لەسـەر بکـات، ئەگەر شـارەزا نەبـێ لەچـۆنیەتی بەکارهێنـانی بـابەت و پێداویسـتییەکانی جوانکـاری، جـا دووبـارەی دەکەمەوە ئەگەر کیمیاویی یان گیایی سروشتی بن.

دواتر بابەت و پێداویستی دەرمانی گیایی سروشتی زیاتر پێویستی بەخول و ڕاهێنان و شارەزا بوونە، چونکە بابەتی دەرمانی گیایی دەبێت ئەو کەسە شارەزا و لێزان بێت لەبەکارهێنانی میکانیزمی بەرهەموو بابەتی گیایی، چونکە هەر جۆرە گژوگیایەکی پزیشکی ئەگەر بەڕێگەیەکی زانستی و بەشێوازێکی تەندروستی بەکارنەیەت بەدڵنیاییی زیان و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر جەستەی بەکارهێنەر،

بۆیە دەبێت چارەخواز و بەکارهێنەر زۆر وریا و هۆشیار بن لەهەر بەرهەم و بابەت و پێداویستییەکی جوانکاری جا کیمیاوی و تێکەڵ بێت لەگەل بابەتی سروشتی بەوناوە بیفرۆشن یان دەرمانی گیایی ساف و سروشتی بێت بەهەر جۆرێک بێت، بابەت و پێداویستی جوانکاری بوو وەک" کرێم جۆرەها کرێم هەیە" کرێمی سەرو ڕیش، کرێمی سپی کردنەوەی دەم و چاو و کرێمی لابردنی لەکە و پەڵە، کرێمی دەم و چاو قەڵەوکردن، کرێمی لابردنی مووی جەستە، شامپۆی قژ و جەستە، سابوونی دەم و چاو و جەستە، یان کەپسول، هاڕاوی قەڵەوی دەم و چاو، یان سمت و سینگ و ڕان و لێو، کە ئەو جۆرە کەپسول و پاودەرانە هەر قەدەغەن و نایاسایین و ناتەندروستن.

**تێبینی//** چارەخوازو بەکارهێنەری بەڕێز" هەندێ جار کەتۆ داوای کرێم یان سابوون یان شامپۆ یان هەر جۆرە بابەت و پێداویستیەکی جوانکاری پیاوان و خانمان دەکەیت، بە ڕێکلام و پڕوپاگەندەی سۆشیال میدیا و تیڤی هەڵمەخەڵەتێ و مەکەو ژێرکاریگەرییان و داوای هیچ بەرهەم پێداویستییەکیان لێ مەکەن، چونکە جاری وابووە بەرهەمەکەیان کیمیاویی بووە و بەسروشتی و گیایی بەتۆیان فرۆشتووە، یان بەرهەمەکە پێکهاتووە لەهەر دوو ماددەی کیمیاویی و گیایی، ڕەنگە بەکاری بهێنیی کاریگەری خراپ لەسەر جەستەت بەجێبهێڵێت و ئەو کات دەبێ چەندین پزیشکی پسپۆری پێست بتبینێ و سەردانیان بکەیت، بۆیە وریا و هۆشیاربن لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە داوای هیچ بەرهەمێکی جوانکاری مەکەن و مەیکڕن، بەتایبەتی ئەگەر نایاناسن و شارەزایان نین، ئەگەر کرێم یان سابوون یان شامپۆ یان هەر جۆرە بەرهەمێکی تری کیمیاویی و گیایی سروشتی بۆ مەبەستی چارەسەرت بوو بەنموونە" قژت هەڵدەوەرێ یان پەڵەو لەکەی قاوەیی هەیە لەدەم و چاوتدا، یان قژت تەنک بووە و بێ هێزە یان بۆ هەر مەبەستێک بێت بۆ چارەسەرکردن، لەپێشدا سەردانی پزیشکی پسپۆر بکەو ڕێنمایی و ئامۆژگاری وەربگرە لێی، یان ئەو کەسەی کرێم، سابوون، شامپۆ یان هەر جۆرە بەرهەمێکی

جوانکاری بتەوێ بیکرِیت لێی، بپرسە بزانە شارەزا و لێزانە یان هەر بۆ پارە پەیداکردن ئەو کارە دەکات، دەبێت هۆشیار بیت هەر بابەتێکی جوانکاری جا بۆ پیاوان یان خانمان بوو ئەگەر ئەوەی لێی دەکرِیت شارەزا نەبێ و رِێنمایی تەواوەت پێ نەدا بەدڵنیایی زیانی گەورەی دەبێت لەسەر جەستت.

کەواتە تێکەڵ کردنی بابەت و بەرهەم و پێداویستی جوانکاری کیمیاویی و گیایی سروشتی پیاوان و خانمان لەگەڵ یەکتری، بابەتێکی هەستیار و مەترسیدارە بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسە شارەزا نەبێت و بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی لەگەڵ بابەت و بەرهەم و پێداویستییە کیمیاویی و گیایی سروشتی بیفرۆشێت، لەژێر ئەو ناوە کارکردن هەم نایاساییە و هەم ناتەندروست.



# بەکارهێنانی کەپسولی جیسینگ بۆ قەڵەوکردنی جەستە، مەترسیدارە و زیانی زۆری لەسەر تەندروستی بەکارهێنەر

جینسینگ ڕووەکێکە لە باکوری ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا گەورە دەبێت بە تایبەتی (کۆریا، باکوری ڕۆژهەڵاتی چین، بووتان، ڕۆژهەڵاتی سیبیریا)، و زیاتر لە کەشێکی ساردا جێگیر دە بێت. ئەم ڕووەکە لە زۆر ڕووەوە سوودی بۆ مرۆڤ هەیە بەتایبەتی لە ڕووی چارەسەری پزیشکی کە تێیدا وەک دەرمانێکی سروشتی بەکاردێت.

کەپسولی جیسینگ لە هەرێمی کوردستان بازاڕی گەرمە و خەڵکی بۆ مەبەستی قەڵەوکردنی جەستە بەکاری دێنن و دەیخۆن، لەکاتێکدا ئەو کەپسولە قەدەغەکراوە لەلایەن (کوالیتی کۆنترۆل) بەدەرمانێکی ساختە زیانبەخش هەژمارکراوە، زیانی زۆری هەیە" لەسەر جەستە و تەندروستی بەکارهێنەر، خەڵکانێکیش لەولاوە بۆ پارە پەیداکردن و بازاڕگانیکردن ئەو کەپسولە دەفرۆشن و ساخی دەکەنەوە بەخەڵکی، لە ڕێگەی ڕێکلام و پڕوپاگەندەی سۆشیال میدیا و سەنتەرەکانی جوانکاری و دوکانەکانی کەمالیاتی پیاوان و خانمان، شوێنەکانی

بەهـارات فرۆشـی و عەتارەکـان شـوێنی فرۆشـتنی دەرمـانی گیـایی، دەرمانخانەکانی دەرمـانی کیمیـاویش بەشـێکی زۆریـان ئەو کەپسـولە سـاختەو قەدەغەکـراوە دەفرۆشـن بەنهێنـی! لەکاتێکـدا خـواردن و بەکارهێنانی ئەو کەپسولە ساختەیە و قەدەغەکراوە لەلایەن" کوالیتی کۆنترۆڵ وزانیاریان ناردووە بۆ" لیژنەکانی تەندروستی حکوومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکرێت و نەهێڵن و ڕێگری بکەن کەپسولی جیسینگ لەبازاڕ بەگشتی و دەرمانخانەکان بەتایبەتی هیچ کەس نەیفرۆشـێت، چـونکە زیـانی زۆری هەیە و قەدەغەیە و ڕێگەپێدارونییە، دواتر کەپسولی جیسینگ بەتەنها گژوگیا و پێکهاتەی جیسینگ نیە؟ بەڵکو تێکەڵ کراوە بە، بەکۆمەڵێک دەرمانی کیمیاوی وەک حەبی" دیکسۆن و چەندین پێکهاتەی تری کیمیاوی کەزیانێکی زۆری هەیە بۆ " لاوازی و سستی گورچیلە، ژانەسەر و خەوالووی بەردەوام، گرفتەکانی گەدە زیاد دەکات (قرحة المعدة) جگەر تەمەل دەکات، چەوری زیاد دەکات لەسەر" جگەر و گورچیلە، خوێن خەست دەکـاتەوە، لاوازی توانـای جنسـی، لاوازی ماسـولکەکان، نەزۆکـی لەپیاوان و خانمان زیاد دەکات.

خولاسەی کەلام" کەپسولی جیسینگ سروشتی نییە، بەڵکو تێکەڵ کـراوە لەگەڵ چەنـدین حەب و هـاڕاو و پێکهـاتەی کیمیـاویی، ئەو بانگەشە و ڕێکلام و پڕوپاگەندەی کە بۆی دەکرێت بەناوی کەپسولی

جیســـینگ بـــۆ چارەســـەری سروشـــتی قەڵەوی جەســـتە، دووورە لەڕاستیەوە.

ئەگەر چی ئەم ڕووەکە لە هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆر نییە ناسراوە و پسپۆرانی گیا دەرمانی لە ڕێگای وڵاتی چینەوە توانیان بە زووتـرین کـات ئـەم بەرهەمـە بهێننـە هـەرێمی کوردسـتان، بـەڵام پسپۆرێکی گیا دەرمانی پێی وایە، "جینسینگ" لە وڵاتی چینەوە یا بەڕازیلەوە هاوردەی کوردستان دەکرێت.

محەمەد عوسمان پسپۆری گیا دەرمانی بە "وشـە" ی ڕاگەیاند، ئەم گیایەی لە کوردستانە هەمان ئەو گیایە نییە کە لە وڵاتانی تر هەیە و سوودی تەواوی لێ دەبینن.

زیاتر گوتی، جینسینگ گیایەکی گرانە نرخی یەک کیلۆیی بە نزیکەی ٩٠ هەزار دینارە و ئەوەی ئێستە لە کوردستانە کیلۆی بە هەشت هەزار دینارە و هەندێک جار سوودیش بە بەکارهێنەر ناگەیەنێت.

محەمـەد عوسـمان نەیشـاردەوە کـە بـەرکارهێنانی ئـەو گیایـە لەبـەر گرنگـی سـوودەکانی نابێـت مـرۆڤ بـەبێ هـیچ هۆکارێـک بیخـوات و دەبێـت لـە ژێـر چـاودێری کەسـانی پسـپۆر بـەکاری بێـت، سـەرباری ئـەوەی کـە ئێسـتە لـە کوردسـتان ئـەم ڕووەکـە لـە ساردەمەنییەکان لەگەڵ شەربەتە سرووشتییەکان تێکەڵ دەکرێت کە ئەم کارەیش زۆر ترسناکە و ڕەنگە زیان بە گەدەی کەسەکەی بگەیەنێت




تێبینی// جیسینگی ساختە لەبــــــازاڕ بەخەڵکـــــی فرۆشـــــراوە، خەڵکـــیش شـارەزایەکی وای نییە تـا ئەم ڕووەکە بناســـێتەوە! کەوایە ســـــــاختەکردنی ڕووەکـــی پزیشـــکی زۆر مەترسیدارە و زیانی زۆر هەیە بۆ سەر تەندروستی بەکارهێنەر، بۆیە هەر هاووڵاتیەک پێویستە ئاگادار بێت لەخۆیانەوە گژوگیایی پزیشکی و ڕووەکی گیایی لەخۆیانەوە بەکاری نەهێنن، بەڵکو ڕاوێژ بکەن بە پزیشکی پسپۆری دەرمانی گیایی و کەسانی شارەزا لە بواری دەرمانی گیایی، خۆتان بەدوور بگرن لەکڕینی هەر دەرمان و بەرهەمێکی گیایی و سروشتی بوو جا لە ڕێگەی سۆشیال میدیا یان عەتار و بەهارات فرۆشەکان، یان دوکانی جوانکاری پیاوان و خانمان یان ئەو کەسانەی ناشارەزان و تازە دەستیان کردووە بە فرۆشتنی دەرمانی گیایی.

## بەناو دەرمانی گیایی و سروشتی، بەکارهێنانی بۆ مەبەستی زیادکردنی کێش و قەڵەوی، مەترسیدارن و زیانی زۆریان هەیە لەسەر تەندروستی

ئەو دەرمـان و گیـراوانەی بەنـاوی" چارەسـەری سروشـتی و گیـایی دەفرۆشـرێن مەترسـیدارن، ئەوەی ئێسـتا لەبازارەکـان ئـێمە خەڵکـی کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکەن و لە ڕێگەی ڕێکلامی سۆشیال میدیا و تیڤیەکـان پڕوپاگەنـدەی بـۆ دەکەن، دوای بەخەڵکـی دەیفرۆشـنەوە بە نرخێکی گران، لەهەمووی کارەساتتر و خراپتر ئەوەیە" خەڵکێکی زۆر ئەو دەرمـانە سـاختە و قەدەغەکـراوانە بەکـاردێنن بـۆ مەبەسـتی قەڵەوکردنی (هەموو جەستە بەگشتی، یان دەم و چاو بەتەنها، یان گەورکردنی سمت و ڕان و سینگ، یان بچوکردنەوەی سینگ و ڕان و سمت) بەکاری دێنن، دوای ماوەیەکی زۆر لە بەکارهێان و خواردنی ئەو دەرمانە ساختە و قەدەغەکراوانە، کاریگەری خراپ و مەترسیدار لەسەر جەستە و تەندروستییان بەدیار دەکەوێت.

بەکارهێنان و خواردنی هەر جۆرە" کەپسول، حەب، پاودەر، هاڕاوە و گیراوەیەکی، بەناو دەرمانی گیایی و سروشتی، کەبەشێکی زۆر لەگژوگیا تێکەڵ دەکرێتە لەگەڵ" حەب و هاڕاوی کیمیاویی، بەمەش دەرکەوتووە مەترسیەکی گەورە دروست دەکات لەسەر جەستە و تەندروستی بەکارهێنەر دوای ژیانیشی دەخەیتەوە مەترسی و لەئێستا و لە ڕابردووش دا چەندین حاڵەتی لەوە جۆرە لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە، ژیان و تەندروستی خەڵکی کەوتۆتە مەترسییەوە بەو هۆیەوە ئەو" دەرمانە ساختە و قاچاغ و قەدەغەکراوانە خەڵکی هەیە گیانی لەدەستداوە.

زیان و مەترسی زیادکردنی کێش و قەڵەوی بەدەرمانی ساختەو قەدەغەکراو، کەدەبێتە هۆکار بۆ تووشبوون بەم نەخۆشیانەی خوارەوە:

١ ـ سستی غودەی دەرقی .

٢ ـ کەم خەویی و شەونخوونی .

٣ ـ نەزۆکی لەپیاوان و خانمان دا.

٤ ـ دڵەڕاوکێ و قەلەقی بەردەوام.

٥ ــ هیلاکی و شەکەتی و بێتاقەتی هەم لەڕووی جەستەیی و دەروونی.

٦ ـ دروست بوونی زیپکەیەکی زۆر لە پێستی دەم و چاودا

٧ ـــ وەســتان و تێکچــوونی ســووڕی مانگانــە و تێکچــوونی هۆرمۆنەکان.

٨ ــ تەمەڵی ڕیخۆلە و وشکبوونەوەی پێست و ستی گورچیلە و جگەر و دڵ .

٩ _کەم خوێنی و خەستبوونەوەی خوێن و بەرزە فشاری خوێن.

١٠ _ڕووتانەوەی قژ و برینی گەدە و نەزیف بوون.



# بەکارهێنانی لیمۆ بەسرایی و گەڵای غار بۆ دابەزاندنی کێش زیانی تەندروستی هەیە

بەکارهێنانی گەڵای غار و لیمۆ بەسرایی، بۆ دابەزاندنی کێش بەگشتی یان بۆ دابەزاندنی ورگ زیانی هەیە، چونکە میکانیزمی کارکردنی گەڵای غار و لیمۆ بەسرایی لەجەستەی مرۆڤدا، ئەگەر بەپێوەری زانستیی پزیشکی نەبێ لەوەی کە چۆن ئامادە دەکرێت و چ کاتێک دەخورێتەوە و تا چەند ڕۆژ چارەخواز بیخواتەوە و بەردەوام بێت، و خواردنەوە و بەکارهێنانی گەڵای غار و لیمۆ بەسرایی ئەگەر لەجەستەی چارەخوازێکدا کارلێک نەکات بەدڵنیایی تووشی کێشەیەکی درێژخایەنی تەندروستی دەکات .

## گەڵای غار چیە؟

گەڵای غار یان گەڵای بەی بە عەرەبی: ورق غار، بە ئینگلیزی Bay : Laurel، ناوی زانستی :(Laurus nobilis): بەرهەمی دارێکی بۆندارە و هەمیشە سەوزە و بە زۆری لە ناوچەکانی وڵاتی هیندستان و وڵاتانی عەرەبی بەرهەم دەهێنرێت، نشینگەی سەرەکی ناوچەکانی نزیک دەریای سپی ناوەڕاستە.

گەڵای غـــــار ســـــــوودێکی زۆری هەیە و لە چەنـــــدین بـــــواردا بەکاردەهێنرێـــت، لە چێشـــتلێنان و خوانەکـــان، لە ئامـــادەکردن و دروستکردنی بۆن، لە پێکهاتەی بابەتە هەمەجۆرەکانی جوانکاری، لە پێکهـــاتەی دەرمـــان و پزیشـــکیدا بەکاردەهێنرێـــت و ســـوودی لـــێ دەبینرێت.

سەرەڕای بوونی سوودە گرنگەکانی گەڵای غار، زیادەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی گەڵای غار زیانی تەندروستی دروست دەکات. گرنگترین زیانەکانی گەڵای غار بریتیین لە:

بەکارهێنای گەڵای غار بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و نازانستی بێسنوور لە خوانەکاندا دەبێتەهۆی دروستبوونی تامی تاڵی.

ئەو کەسانەی هەستیارییان بە چەند جۆرێکی دیاریکراوی بەهارات هەیە، پێویستە دڵنیا ببنەوە لەوەی کە هیچ هەستیارییەکیان بە گەڵای غار نییە، چونکە هەندێ جار کەسانێک هەستیارن بەپێکهاتەی گەڵای غار ئەگەر بیخۆن بەدڵنیایی زیانی زۆری دەبێت بۆیان.

ئەو کەســـــانەی کێشـــەی تەندروســـــتییان لە کۆئەنـــدامی هەرس و ســوورێنچک و گەدە و قۆڵـۆن هەیە، پێویسـتە ئاگـاداری بەکارهێنـانی گەڵای غاربن و دڵنیابن کە کێشە تەندروستییەکانیان زیاتر ناکات.

ئەوکەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە، چونکە خواردنی گەڵای غار بەڕێژەیەکی زۆر شەکرە بەرز دەکاتەوە، کەواتە زیانی هەیە بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە.
ئەو خانمانەی دوو گیانن یان شیردەرن، واتا شیردەدەن بەمنداڵ نابێ بیخۆن.

ئەو کەسانەی حەساسیە یان هەوکردنی پێستیان هەیە، یان نەخۆشی ئەگزیمایان هەیە، زۆر خواردنی گەڵای غار وادەکات نەخۆشی ئەگزیما زیاتر سەرهەڵبدات و نوێ ببێتەوە.
زۆر خواردنی گەڵای غار، پێست و ڕیخۆکان وشک دەکاتەوە، دەبێت هۆی قەبزیەکی زۆر و تووشبوون بەمایسیری.

## لیمۆ بەسرایی چیە؟

لیمۆ بەسرا، لیمۆی بەسرایی، یان لیمۆی وشک یاخود لیمۆی ڕەش، بە عەرەبی: نومي بصرة، ليمون المجفف، ليمون أسود،
بە ئینگلیزی (Dried lime: جۆرە بەهاراتێکی ڕۆژهەڵاتییە و لە زۆرێک لە خوانەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی خوانی عێراقی و ئێرانی بەکاردەهێنرێت.

زیانە تەندروستییەکانی لیمۆ بەسرایی بۆ تەندروستی مرۆڤ: لیمۆی ڕەش لە زۆر ژەمی خواردندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەبڕی کەم و سنووردار، چونکە تامەکەی بەهێز و تیژە، ئەگەر بەبڕێکی زۆری زیاد لە پێویست بەکاربهێنرێت و زیادەڕۆیی لە خواردنی بکرێت زۆر زیانبەخش دەبێت، گرنگترین زیانەکانی بریتیین لە:

زۆر کەس پێیان وایە ئەگەر گیراوەی لیمۆی ڕەش لە بەیانیان پێش خوانی بەیانی و لەسەر گەدەی بەتاڵ بخۆنەوە ئەوە سوودی تەندروستییان پێدەگەیەنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کێشە بۆ کۆئەندامی هەرس دروست دەکات و دەبێتە هۆی گەدە کزێ (دڵەکزە) و سووتانەوەی گەدە و زیان بە گەدە و گەروو دەگەیەنێت.

خانمانی دووگیان پێویستە بەبڕێکی سنووردار لیمۆ بەسرە بەکاربهێنن، چونکە زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی هەرس و دروستبوونی دڵەکزە.

چەند جۆرێک دەرمان هەیە کارلێک دەکات لەگەڵ لیمۆی وشک و کاریگەرییان کەم دەکاتەوە، نموونەی ئەو دەرمانانەی کە جگەر گۆڕانکاریی کیمیاییان بەسەردا دەهێنێت تاکوو لە لەشدا کار بکەن، نموونەی دەرمانی (Lovastatin) و.(Ketoconazole)

ئەو کەسانەی هەستیارییان بە مزرەمەنییەکان هەیە، پێویستە ئاگاداربن لەکاتی خواردنی لیمۆی وشک دڵنیابن کە هەستیارییان نییە.



## بەشێک لەو دەرمانە کیمیاوییانەی بەناوی گیا دەرمانیەکانەوە دەفرۆشرێن، مەترسیدارن!

چەندین بەرهەمی جۆراو جۆر لە شێوەی کەپسول یا پاودەر بۆ دابەزاندنی کێشی لەش یان قەڵەوکردنی جەستە بەتایبەتیش بۆ قەڵەوکردنی ڕووخسار (دەم و چاو)بەکاری دەهێنرێن، ئەو جۆرە بەناو دەرمانە گیاییانەی کە هەندێ ماددەی کیماویی زۆر مەترسیدار و قەدەغەکراویان تێدایە، بۆ مەبەستی خێرا دابەزاندنی کێشی لەش یا قەڵەوکردنی لەش بەکاردێن، وەک:

سیبوتڕامین- Sibutramine_فینۆڵفتالین- Phenolphthaline_

دایئەتیلپڕۆپیۆن- Diathylpropion_دایمەتیل ئەمیل ئەمین- DMAA_

فینفلۆڕامین و دێکسفینفلۆڕامین Fenfluramine &_

Dexfenfluramineدەرمانەکانی \فینفلۆڕامین و دێکسفینفلۆڕامین

Fenfluramine & Dexfenluramin_)

بەهۆی خراپی پرۆفایلی سەلامەتییان کە دەبنە هۆی تێکشکاندنی زمانەکانی دڵ (Heart valve damage) لە ساڵی ١٩٩٠ لە بازاڕی دەرمان کشێندرانەوە، ماددەی سیبوتڕامین دەبێتە هۆی

نەخۆشییەکانی دڵ و تێکدانی باری دەروونیی بەکارهێنەر، لە ساڵی ٢٠١٠ ەوە قەدەغەکراوە .

ماددەی فینۆڵفتالین دەبێتەهۆی شێرپەنجە، لە ساڵی ١٩٩٧ ەوە قەدەغەکراوە بۆ مرۆڤ بەکاربهێنرێت. نموونەی ئەو بەرهەمانەی کە ماددەی مەترسیداریان تێدایە، وەک; ١. باسچی Baschi_٢ .ئەیبی سلیم AB- SLIM - ٣ .ئەدیۆسAdios -

بەگووتەی (جلال کەریم) دەرچووی بایلۆجیە و شارەزایەکی بواری گیادەرمانییە و ماوەی ١٠ ساڵە لەو بوارەدا کاردەکات، وتەبێژی (کۆمەڵەی ڕووکناسانی کوردستان)ە دەڵێ : ئێمە وەک کۆمەڵەی ڕووکناسانی کوردستان ئامانجمان بریتییە لە زیندووکردنەوە و گەشەپێدان و پاشان ڕێکخستنی پیشەی پیشەوەرانی کوردەواری، بەتایبەتیش گیایی دەرمانی، ئەوەی ئەم بابەتە بریتییە لەناسینەوەی دەرمانە قاچاغەکان،کەبەناوی گیادەرمانی دەفرۆشرێن،لەدونیای دەرمانسازیدا، دەرمان لەچەند سەرچاوەیەکەوە دروست دەکرێن( کانزایی _ ئاژەڵی _ ڕووەکی) ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە و کاری لەسەر دەکەین گرینگی پێدەدەین، بریتییە لە دروستکردنی دەرمان لە ڕووەکی پزیشکیی و گژوگیا سروشتیەکان.

بەڵام بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە و هەندێ وڵاتی دەوروبەر چەندین جۆر بەرهەمی نایاسایی بوونیان هەیە و بەناوی گیادەرمانی دەفرۆشێن و لەبنەڕەتدا ماددەی کیمیاوی و زیانبەخش و مەترسیدارن بۆ سەر تەندروستی هاووڵاتیان، وە باس لەهەندێ بەرهەمی تری زیانبەخش و مەترسیدار دەکەین بۆ بەرچاو ڕوونی هاووڵاتیان کە بریتین لەم جۆرە بەرهەمانە کەوا کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان چەندین ساڵە هۆشداری دەدات و دژایەتی کردووە بەشێک لەو دەرمانە کیمیاوی و مەترسیدارانەی بەناوی گیاییەوە دەفرۆشرێن و گیایی و سروشتی نین هەریەکە لە حکوومەتی هەرێم، وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵەی ڕووەکناسان قەدەغەیان کردووە، وەک:

جاگوار JAGUAR

فات فەیسFAT FACE

فات فاست FAT FAST هیمالایا HIMALAYA

اکسیر EXIR

جی فاست G FAST

بی فاست B FAST

افلاتۆنAFLATO

الوفێرا ALOE VRA

جامبۆJAMBOO

بوتوکسBOTOX

دولفینDOLPHIN

سێڤن ستار ST٧

پوما PUMA Bom sleming سیلیمینگ

ڤی توو٢ V

ڤی شەش ٦ V

ئەی بی سیم AB SLIM ئاکتیڤ سلیم ACTIVE SLIM ادیوس ADIOS

گەین ئەپGAIN UP

ئەم جۆرە دەرمانانە لەژێر ناوی دەرمانەکانی (قەڵەوی، لاوازی سێکسی، گەورەکردنی سمت و ڕان، گەورەکردنی سینگ و مەمک، گەورەکردنی زەکەر....هتد). ئەم جۆرە دەرمانانە مەترسی زۆریان هەیە لەسەر تەندروستی هاولاتیان بەتایبەت بۆ توشبوون بە (نەزۆکی، شێرپەنجە، سستی گورچیلە، نەخۆشییەکانی دڵ و نەخۆشی جگەر).

وەزارەتـــی تەندروســـتی حکـــوومەتی هەرێـــم و کـــوالێتی کـــۆنترۆڵ هۆشداری دەدەن و قەدەغەی دەکەن و ئاماژەیان داوە بە زیانبەخشی و مەترسیەکانی ئەم جۆرە دەرمانەو بەرهەمانەی بەناوی گیادەرمانی هـــاوردەی هەرێمـــی کوردســـتان دەکـــرێن مەترســـیەکی زۆری هەیە لەســـەر تەندروســـتی هاوولاتیـــان وە دەبێـــت هاوولاتیـــانیش لێیـــان دوورکەونەوەو نەیکـڕن، نابێـت هـیچ کەسـێکیش مامەڵـەی کـڕین و فرۆشـتن پێیانـەوە بکـات، چونکـە لەبەرانبـەردا تووشـی لێپرسـینەوە و سزای یاسایی دەبنەوە.

ئەگەر گژوگیـــای پزیشـــکی بەشـــێوازێکی زانســـتی ئامـــادە نەکرێـــت، چەندین زیانی دەبێت لەسەر تەندروستی

ڕووەک یـان درەخـت یـان گژوگیـا: بـوونەوەرێکی زینـدوون، چەنـدین شێوە و قەبارەیان هەیە، لە ڕووەکە سەرخەسیەکانەوە کە قەبارەیان بچوکە تاکو دەگات بە درەختە گەورە بەرزەکان.

زۆربەی ڕووەکەکـان لەســـەر ڕووی زەوی ڕێژەیەکـی دیـاریکراو لە مـاددەی ژەهراویـان تیـایە کە بـۆ بەرگریکـردن لە خۆیـان بەکـاری دەهێنن، بەڵام کـاریگەری ئەم مـاددە ژەهراویـانە لە ڕووەکێکەوە بـۆ ڕووەکێکـی دی جیـاوازە، هەنـدێکیان بێهۆشـکەر و هەنـدێکی تریـان کوژەرن.

ئایا زانیوتە کە تۆوی سێو و گێلاس و قۆخ بڕێک ژەهریان تیادایە؟ ئەگەر بە ڕێژەیەکی زۆر بخورێن مەترسیان هەیە لەسەر تەندروستی. هەندێک لە خەڵک بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر کە زیانی لاوەکی نەبێت، ڕوودەکەنە ئەو شوێنانەی دەرمانی گیایی دەفرۆشن، فرۆشیارەکان دەڵێن: ئەو دەرمانانە لەگژوگیا دروست کراون و بەرهەم هاتوون و تەنیا سوودیان هەیە و بێ زیانن، بەڵام پسپۆرانی دەرمانسازی هۆشداری دەدەن لەوەی دەرمانی گیایی بێ توێژینەوەی زانستی و مۆڵەتی دەزگا زانستییەکان، لەوانەیە مەترسی بخاتە سەر باری تەندروستی بەکارهێنەر.

بەپێی توێژینەوە زانستییەکان کە لەبارەی دەرمانی گیایی کراون، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی ئامادە نەکرێت، چەندین زیانی تەندروستییان بەدواوەیە کە دیارترینیان ئەمانەن:

## زیانەكانی گژوگیای پزیشكی (دەرمانی گیایی) لەسەر تەندروستی بەكارهێنەر:

١- هەر گژوگیایەک وەک دەرمـان بەكاربهێنرێت، ئەگەر سوودیشـی هەبێـت ئەوا بـێ زیـان نابێـت. زۆرتـرین زیانەكـانیش بـۆ جـگەر و گورچیلەیە.

٢ -لەوانەیە دەرمانی گیایی لەگەڵ دەرمانی زانستی پزیشكیدا كارلێكی نەرێنـی بكـات و لە كـۆی هەردووكیـان ماددەی زیـانبەخش دروسـت ببێ.

٣- هەنـدێكجار نەخـۆش دەرمـانی گیـایی دەكـاتە بەدیلـی دەرمـانە زانستییە پزیشكییەكان و ئەوەش زیانی گەورەی بەدوادادێت.

٤- بەپـێچەوانەی زانسـتی مـۆدێرنی پزیشـكییەوە، لە پێـدانی دەرمـانی گیاییدا حیساب بۆ چەندین فاكتەری تایبەت بە نەخۆش ناكرێت، وەک: تەمەن، رەگەز، لایەنـی جینـی و بۆمـاوەیی، بـوونی نەخۆشـیی دیـكەی درێژخایەن و كارلێكی ماددەكە لەگەڵ ماددەی دیكە.

٥- بەپـێچەوانەی دەرمـانی زانسـتی پزیشـكییەوە، دەرمـانی گیـایی زۆربەیجار رێكەوتی دەرچوون و بەسەرچوونی لەسەر نییە.

٦- ئێستا چەندین جۆری چا و کەپسول و شروب بەناوی ئەوەی دەرمانی گیایی و سروشتین هاوردە دەکرێن بەتایبەت چینییەکان، کە زۆرکات ماددەی کیمیایی زیانبەخش و تەنانەت توشکەری شێرپەنجەشیان تێدایە.

٧_ دەرمانی پزیشکی بە وردی بڕی ماددە سوودبەخشەکەی دەپێورێت و دەزانرێت لە هەر حەب یان کەپسول یان دەرزییەکدا چەند میللیگرامی تێدایە و بەشێوەیەکی ستاندارد بۆ هەر کەسێک دیاری دەکرێت، بەڵام پێکهاتەی دەسکێک گیا لە یەکێکی دی جیاوازە بەهۆی جیاوازیی ڕواندن و ژینگەکەی و شێوازی هەڵگرتن و ڕەگەزی گژوگیاکە و چەندین هۆکاری دیکە. کەمخواردنی ماددەکە سوودی نابێت و زۆر خواردنیشی ژەهراویبوونی کورتخایەن و درێژخایەنی بەدوادادێت.



# فرۆشتنی(دەرمانی گیایی) لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە کارێکی مەترسیدارە

ڕێکلام و پڕوپاگەندەکردن بۆ فرۆشتنی دەرمانی گیایی، لە ڕێگەی سۆشیال میدیا کارێکی مەترسیدارە، ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە و سۆشیال میدیا ڕێکلام بۆ دەرمانی گیایی دەکرێت، لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانەی لەدواوەی شاشەی مۆبایل و لاپتۆپ دەرمانی گیایی دەفرۆشن هیچ شارەزاییەک و ئەزموونی وایان نییە لە بواری دەرمانی گیاییدا، بگرە هیچ خول و ڕاهێنانێکی ئەکادیمی و زانستیشییان لەو بوارە نەبینیوە، ئەمەش کارەساتی گەورە بەدوایدا خۆی دێنت، چونکە ڕاستەوخۆ کڕیار یان بەکارهێنەر دەیکڕێت و دەیخوات بێ گوێدانە چۆنیەتی خواردن و چ کاتێک بیخوات و تا کەی بیخوات و کێن ئەوانەی نابێت بیخۆن!؟

پەیجی نافەرمی و نایاسایی لەفیسبوک زۆر زۆرن، ڕۆژانە ڕێکلام بۆ دەرمانی قارچاغ و ساختە دەکرێت و خەڵکیش دەیکڕن و بەکاری دێنن، بێ ئەوەی بزانن ئایا ئەو دەرمانە سەد لەسەد سروشتییە و بێ زیانە، و ئایا تێکەڵ نەکراوە لەگەڵ دەرمانە کیمیاوییەکان، ئایا

مێژووی بەسەرچوونی هەیە، ئایا بەفلتەرێکی زانستی تێپەڕیوە، ئایا مۆڵەتی تەندروستی لەسەر دەرمانی گیایی هەیە؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر ئەمەیە کارەستات!!، چونکە دەرمانی گیایی ئەگەر پزیشکی پسپۆر و کەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون بە پێوەری زانستیی پزیشکی ئامادەیان نەکردبێت، بەدڵنیایی کڕیار و بەکارهێنەر تووشی چەندین نەخۆشی درێژ خایەن و مەترسیدار دەکات.



# پێشنیارێک بۆ وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم :

ئامادەکردنی هەر گژوگیایەکی پزیشکی بۆ هەر نەخۆشییەک جا لەلایەن پزیشکی دەرمانی گیایی بێ، یان شارەزا و خاوەن ئەزموون خاوەن بڕوانامە بێت، دەبێ بەفلتەری تاقیگەیی و لیژنەی تەندروستی حکوومەت تێپەڕبێت و مۆڵەتی وەزارەتی تەندروستی لەسەر بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی دڵنیابن و دوو دڵ نەبن لەبەرکارهێنانی.

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم، دەبێت پلان و بەرنامەی هەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی پیشەوەرانی بواری دەرمانی گیایی، ئەوەی ئێستا لەبازاڕ و سۆشیال میدیا ڕێکلام و پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت لەژێر ناوی چارەسەری سروشتی بەگژوگیای پزیشکی(دەرمانی گیایی) جگە لەبازرگانی کردن بە بەجەستە و ڕۆحی خەڵکی هیچی ترنییە، بۆیە کارکردن بەم جۆرە لە بواری دەرمانی گیایی دوورە لەبنەما زانستی و کارێکی ناتەندروستە، خەڵکانێک لەپشت شاشەی مۆبایل و لاپتۆپ کاڵا و بەرهەمەکانی خۆیان ساغ دەکەنەوە بەخەڵکی.

بگـره بەرهەم و دەرمـانی بەنـاو گیـایی و سروشـتیەکان زۆربەیـان قاچاغن و ساختەن ڕێگەدراونیە بفرۆشرێن لەبازاڕەکاندا .



# سەرچاوەکان


_ هەگبەی کوردەواری بۆ چارەسەری نەخۆشی بە خۆراک و گژو گیا _ نوسینی : هێرش محمود
_ خواردەمەنی و تەندروستی _ نوسینی دکتۆر زەنون محەمەد پیریادی
_ خۆراک پێدانی منداڵ
_ نوسینی دکتۆر لوئەی نوری _ وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی : سیروان ئەحمەد عەزیز
_ kmcakrg.org
_ https://kmcakrg.org › Default
_ کۆمەڵێک دەرمانی گیایی ناپاسایی دەستی بەسەردا گیرا
_ kmcakrg.org
_ https://kmcakrg.org › Default
_ ڕێنمایی دەرمانی گیایی
_ zaniary.com
_ https://zaniary.com › blog › دەرمان...
_ دەرمانی گیاییZaniary -
_ Kurdiu
_ https://www.kurdiu.org › ...
_ سلێمانی..گومان لە مردنی سێ منداڵ دەکرێت کە دەرمانی گیاییان دراوەتێ
_ تەکنەلۆژیای زانیاری-
_ https://itechkurd.net › ...

_ گژو گیای سروشتی یان دەرمانی گیایی
_ Kurdistan٢٤
_ https://www.kurdistan٢٤.net › ckb
_ راستییەکان دەربارەی دەرمانی گیایی و سەختەکارییەکان
_ kmcakrg.org
_ https://kmcakrg.org › Default
_ کۆمەڵێک دەرمانی گیایی نایاسایی دەستی بەسەردا گیرا
_ xeyal.net
_ https://xeyal.net › forum › viewtopic
_ دەرمانە گیاییەکان مەترسیدارن (پەڕە ١) - تەندرووستی - مـەکۆی خەیاڵ
_ https://kurdistan.hathalyoum.net › ١...
_ تەندروستی هەرێم سەبارەت بە دەرمانی گیایی بۆ کۆرۆنا زانیاری دەخاتەڕوو
_ ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس
_ https://www.old.zagrosn.com › ...
_ هەندێك چارەسەر بەگژوگیایی پزیشکی زیانی دەبێت بۆ کۆئەندامی هەرس
_ zhyan.co
_ https://zhyan.co › News
_ سلێمانی؛ بەهۆی گواستنەوەی دەرمانی گیایی بەشێوەیەکی ناتەندروست...
_ Kurdistan٢٤
_ https://www.kurdistan٢٤.net › ckb
_ دەرمانی گیایی لە رووی زانستیەوە چ سوودێکی هەیە؟ ئایا هەموو دەرمانە...
_ radionawa.com
_ https://www.radionawa.com › all-d...
_ کۆمپانیایەکی دەرمانی گیایی لەسلێمانی داخرا Nawa -

_ وشە
_ https://www.wishe.net › details
_ لە سلێمانی دەرمانخانە گیاییەکان ڤیاگرا دەهارن و بە ناوی دەرمانی گیایی دەیفرۆشن
_ Chawder
_ https://www.chawder.org › detailnews
_ سەرجەم ئەو کۆگا و دەرمانخانانەی دەرمانی گیایی دەفرۆشن نایاسایین
_ گوڵان
_ https://www.gulanmedia.com › story
_ زیانەکانی بەکارهێنانی دەرمانی خۆلاوازکردنەوە

_ Kurdiu
_ http://www.kurdiu.org › ...
_ تەندروستی لەبارەی دەرمانی گیاییەوە زانیاری دەخاتەروو
_ rudaw.net
_ https://www.rudaw.net › kurdistan
_ لیژنەی قایمقامیەتی سلێمانی: دەرمانخانەی گیایی هەبووە دەرمانی کیمیایی تێکەڵی...
_ rudaw.net
_ https://www.rudaw.net › tandrusti
_ دەرمانە گیاییەکان پڕن لە مادەی زیانبەخش | رووداو.نێت
_ وێستگە
_ https://www.westganews.net › dreja
_ ١٢زیانی دەرمانی زیادکردنی کێش
_ GK Sat

_ https://www.gksat.tv › details

_ پێشانگایەکی تری دەرمانی گیایی لەسلێمانی داخرا

_ صحيفة الخليج

_ ‏ https://www.alkhaleej.ae› أخبار-ال...

_ التداوي بالأعشاب الطبية والخلطات العشبية عشوائي ولا يخضع للمراقبة

_ مخاطر التداوي العشوائي بالأعشاب Sehati -

_ https://sehati.gov.ma/ar/article/les_dangers_de_la_consommation_irrationnelle_des_plantes_medicinales

_ التحذير من خلطات العطارين والأدوية العشبية

_ https://www.moh.gov.bh/Blog/Article/Details/١٢

_ santejeunes.ma

_ http://santejeunes.ma › ... › السلامة

_ مخاطر استعمال النباتات الطبية – صحة الشباب

_ جريدة الراية

_ https://www.raya.com › ٢٠١٨/٠٤/١٤

_ التداوي العشوائي بالأعشاب .. مخاطر بالجملة

_ صحيفة الخليج

_ ‏ https://www.alkhaleej.ae› أخبار-ال...

_ التداوي بالأعشاب الطبية والخلطات العشبية عشوائي ولا يخضع للمراقبة

_ صحيفة اليوم السعودية

_ https://www.alyaum.com › articles

_ الاستخدام العشوائي للأعشاب يسبب اضرارا بالغة

_ ستار تايمز

_ https://www.startimes.com › ...

_ التداوي العشوائي بالأعشاب له مخاطره
_ جريدة الرياض
_ https://www.alriyadh.com › ...
_ العلاج العشوائي بالأعشاب التقليدية!!..
_ جريدة الراية
_ https://www.raya.com › ٢٠١٦/٠٢/١٩
_ العلاج بالأعشاب .. عشوائي
_ Hespress
_ https://www.hespress.com › ...
_ الوردي يعتزم سنّ قانون لمحاربة التداوي العشوائي بالأعشاب
_ chefaa
_ https://chefaa.com › blog › معلومات...-
_ معلومات عن فوائد و أضرار الأعشاب الطبية
_ الجزيرة نت
_ https://www.aljazeera.net › midan
_ تجارة بمليارات الدولارات.. لماذا يُعدّ العلاج بالأعشاب مجرد خرافة؟
_ الجزيرة نت
_ https://www.aljazeera.net › health
_ تحذير من استعمال علاجات الأعشاب للأطفال
_ Hia Magazine
_ https://www.hiamag.com › صحة
_ اضرار الاعشاب الطبية على الصحة - مجلة هي
_ دقائق.نت
_ https://daqaeq.net › أضرار-الأعشاب-ا...

_ أضرار الأعشاب الطبيعية l الآثار الضارة من الاستخدام الخاطئ للأعشاب ، تعليمات ...

_ العربية

_ https://www.alarabiya.net › politics

_ التداوي بالأعشاب بين الحقيقة والوهم

_ الكونسلتو

_ https://www.elconsolto.com › details

_ "الصحة" تحذر من الأعشاب الطبيعية: تقلل من فعالية الأدوية

_ Radiosawa

_ › https://www.radiosawa.comالتدا...

_ التداوي بالأعشاب بين الفوائد والأضرار

_ موقع محتويات

_ › https://mhtwyat.comالتداوي-بالا...

_ التداوي بالاعشاب .. فوائد واضرار التداوي بالاعشاب الطبية

_ tmargy.com

_ › https://tmargy.comفوائد-وأضرار...-

_ فوائد وأضرار العلاج بالأعشاب ونصائح عند الاستخدام - تمرجي

_ الشروق أونلاين

_ https://www.echoroukonline.com › ...

_ عشوائية التداوي بالأعشاب والنباتات تهدد صحة الجزائريين

_ تاجيبيديا

_ https://www.tagepedia.org › Entry

_ العلاج العشوائي بالأعشاب التقليدية!!..

_ Webteb

_ https://www.webteb.com › articles

_ المكملات العشبية: ما يجب معرفته قبل الشراء

_ Mayo Clinic

_ https://www.mayoclinic.org › faq-...

_ استخدام العلاجات العشبية لعلاج القلق: هل هو فعال؟

_ |الهيئة العامة للغذاء والدواء

_ http://www.sfda.gov.sa › awarenes...

_ الاستخدام الآمن والأمثل للأدوية

_ Mayo Clinic

_ https://www.mayoclinic.org › art-٢...

_ لذا يجب ألا تختلط المكملات الغذائية العشبية بأدوية القلب

_ الطبي

_ › ... › https://altibbi.comعلم النبات

_ نصائح | يجب عدم الاستهانة بالأعشاب فقد تكون ضارة وقاتلة

_ Department of Health - Abu Dhabi

_ https://www.doh.gov.ae › resources

_ التوعية الصحية | دائرة الصحة أبوظبي

_ DW

_ › https://www.dw.comالأعشاب-الم...

_ الأعشاب المنزلية ..هل هي مفيدة أم مضرة؟

_ اليوم السابع

_ https://www.youm٧.com › story

_ ما هو طب الأعشاب؟.. وهل يعالج الأمراض مثل الأدوية؟

_ الطبي
_ https://altibbi.com › ... › صحة عامة
_ استخدام الاعشاب لا يغني عن الدواء المناسب
_ جامعة البصرة... كلية الصيدلة
_ https://pharmacy.uobasrah.edu.iq › ...
_ كلية الصيدلة تنظم حلقة نقاشية حول التداخلات بين الادوية و الأعشاب
_ Masrawy
_ https://www.masrawy.com › details
_ وزير الصحة: المنتجات العشبية الطبية يجب أن تخضع لرقابة الجود
_ portail Sehati
_ https://sehati.gov.ma › article › les_...
_ مخاطر التداوي العشوائي بالأعشاب
_ Hia Magazine
_ https://www.hiamag.com › صحة
_ اضرار الاعشاب الطبية على الصحة - مجلة هي
_ Dalil Verlag
_ https://www.dalil.de › طب-الأعشاب...-
_ طب الأعشاب .. دواء بديل أم وهم قاتل؟
_ جامعة بغداد
_ https://clib.uobaghdad.edu.iq › ...
_ تعارض الدواء مع الاعشاب - المكتبة المركزية - جامعة بغداد
_ الطبي
_ https://altibbi.com › ... › أعشاب طبية
_ إليك ما تود معرفته عن العلاج بالنباتات الطبية

_ الكونسلتو
_ https://www.elconsolto.com › details
_ الأعشاب الممنوعة للحامل والمفيدة لصحتها
_ إسلام ويب
_ https://www.islamweb.net › consult
_ ما هي الطريقة الأفضل لشرب النعناع واليانسون والحلبة والقرفة

_ صحيفة الأيام البحرينية
_ https://www.alayam.com › News
_ فوائد واضرار الأعشاب والخلطات والأدوية الطبية لتخسيس الوزن
_ جريدة الغد
_ https://alghad.com › منوعات
_ التداوي بالأعشاب: مفيد أم ضار؟...
_ Feedo.net
_ https://www.feedo.net › HerbalMe...
_ الأعشاب الطبية .. ما بين الفائدة والضرر
_ جامعة الملك سعود
_ https://pharmacy.ksu.edu.sa › altmed
_ وحدة طب الأعشاب والطب البديل - كلية الصيدلة - جامعة الملك سعود

